# ڕێگاكانی گواستنەوەی واتا

م.ی. شادان شكر صابر

زانكۆی كۆیە
فاكەڵتی پەروەردە
بەشی كوردی

**پێشەكی**

گواستنەوەی واتا دیاردەیەكی زمانییەو لە گشت زمانەكانی جیهاندا ڕوودەدات. كەس ناتوانێت پێش بەم دیاردەیە بگرێت. گواستنەوەی واتایی وشە لە بارێكەوە بۆ بارێكی تر، بە هۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا و ژیانی كۆمەلأنی خەڵكەوە بەندە.

**ناونیشانی لێكۆڵینەوە:**

لێكۆڵینەوەكە لە ژێر ناونیشانی (ڕێگاكانی گواستنەوەی واتا)یە، كە باس لەو واتایانە دەكات، كە لە ڕێگەی گواستنەوەی وشە لە بارێكەوە بۆ بارێكی تر بەدەست دەهێنرێت.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە:**

نرخ و بەهایی واتاو گۆڕانی واتا لە لێكۆڵینەوەی زمانەوانیدا پێویستی بە چەندین لێكۆڵینەوە هەیە، بۆیە ئەم بابەتە سەرنجی ڕاكێشاین و وایكرد ئەم لێكۆڵینەوەیەی لە بارەیەوە ئەنجام بدەین.

**ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:**

لەم لێكۆڵینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی شیكاریی) پەیڕەوكراوە.

**ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:**

ئامانجی سەرەكی ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەوەیە، هەوڵدەدەین ئەم بابەتە بەچڕو پڕی بخەینە ڕوو و ڕێگاكانی گواستنەوەی واتا ڕوونبكەینەوە بە نمونەوە تا خوێنەری كورد پێی ئاشنابن.

**كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە:**

كەرەسەی ئەم لێكۆڵینەوەیە گوتنی تاكی كۆمەڵگاو وشە و زاراوە كۆنەكانی زمانی كوردین، بەتایبەتی زۆربەیان لە دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست وەرگیراون.

**ناوەرۆكی لێكۆڵینەوە:**

لێكۆڵینەوەكە جگە لە پێشەكی و ئەنجام لە دوو بەش پێكهاتووە: **بەشی یەكەم** بریتییە لە واتا، گۆڕانی واتا، بیردۆزەكانی گۆڕانی زمان، هۆكارەكانی گۆڕانی واتا. **بەشی دووەم** تەرخانكراوە بۆ خستنەڕووی گواستنەوەی واتا، ڕێگاكانی گواستنەوەی واتا، میتافۆر (خـــوازە)، ناسینەوەی میتافۆر، بەكارهێنانی میتافۆر، خواستن (الاستعارە)،

تایبەتییەتی وشەی خواستراو، تەسکبوونەوەی واتا، هۆیەکانی دروستبوونی دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا، فراوانبوونی واتا (تەشەنەکردنی واتا، تەنینەوەی واتای)، ئاستەکانی فراوانبوونی واتا، هۆیەکانی دروستبوونی فراوانبوونی واتایی، بەرزبوونەوەی واتا، نزمبوونەوەی واتا، تابۆ بوون، جۆرەکانی تابۆ، مردنی وشە.

لە کۆتاییدا جێگای دڵخۆشییە، ئەگەر کونجێکمان لە کۆکردنەوەی زانیاری بۆ خزمەتکردنی بابەتەکە بەتایبەتی و کتێبخانەکانی کوردستان بە گشتی پڕکردبێتەوە.

## بەشی یەکەم

### ١ـ١ واتا:

زۆرجار لە پێناسەکردنی زماندا دەڵێین: زمان واتایە و خراوەتە ناو دەنگەوە. دەشێ بپرسین ئەی واتا چییە؟ هەندێ جار لە ڕووی زمانەوە دەڵێین: واتا ئەوەیە، کە مەبەستی شتێك بگەیێنێت، یان ئەو چەمکەیە، کەلێی تێدەگەین (تالیب حوسێن، ٢٠١١: ٢٧)، یان واتا بریتییە لەو وێنە هۆشەکییەی، کە بە وشە دەنوێنرێت، لێرەدا دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین، ئەوەی کە واتای هەیە، بریتییە لە هێما سادەکان (وشەکان)، هەروەها لەگەڵ هێما لێکدراوەکان (گرێ و ڕستەکان)، ئەوەی لێرەدا تیشکی دەخەینە سەر ئەو واتایەیە، کە تایبەتە بە وشەکان، ئەمەش دەکرێت لە دوو ڕووەوە تەمەشا بکرێن:

١ ـ واتای تایبەت بە وشەکان، کاتێك کە باسی وشە دەکرێت وەك یەکەیەکی سەربەخۆ.

٢ ـ واتای دەوروبەری (سیاقی) وشە، کاتێك، کە باس لە وشە بکرێت لە دەوروبەرێکی وتەیەکدا بەکاربهێنرێت.

### ١ـ٢ گۆڕانی واتا:

هەروەك چۆن زمان بەپێی شوێن دەگۆڕێت، بە هەمان شێوە بە تێپەڕبوونی کاتیش دەگۆڕێت، زمان مەزنترین بەهرەیە، کە مرۆڤ لە دێر زەمانەوە پێی ئاشنابووە، بەهۆیەوە، مرۆڤ دەتوانی پێویستییەکانی ژیانی جێبەجێ بکات و ناخی خۆی دەربڕێ و لە کۆمەڵگادا ببێتە کەسێکی کارا، لە ڕێگای زمانەوە مرۆڤ توانیویەتی بگاتە ئاستێکی پەرەسەندوو، گەشە بە بیر و بۆچوونەکانی بدات و ژیانی کۆمەلآیەتی ڕێك بخات.

ئەرستۆ لە دێر زەمانەوە باسی لەو دیاردە گرنگە کردووە و بایەخی پێداوە، میللەتی کوردیش هەرچەندە بە درێژایی مێژوو، داگیرکراوەو هەوڵی لەناوبردنی دراوە، بەلآم درکی بە ڕۆڵ و گرنگی زمان لە پێشخستنی بوارەکانی ژیان و ناسنامەی نەتەوایەتیدا کردووە، بۆیە چەندین پەند و وتەی بەنرخ دەبیستین، کە باس لە گرنگی و بایەخی زمان و ڕەنگدانەوەی لە بوارەکانی ژیاندا دەکەن.

زمان، وەك هەر دیاردەیەکی تری سروشت، بە بەردەوامی لە گۆڕان و پەرەسەندن دایە. بیر و هۆشی مرۆڤ، بە گۆڕان و پەرەسەندنێکی خێرا و گەورەدا تێپەڕیوە، ئەمەش لە زماندا ڕەنگی داوەتەوە.

گۆڕانی واتا، بریتییە لەو کردەیەی، کە بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو تێپەڕبوونی کات لەخۆوە ڕوودەدات، لە ئەنجامدا، هەندێ وشە واتاکانیان فراوان یان تەسك دەبێتەوە، یان لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر دەگوێزرێنەوە، لە زمانەوانی نوێدا، وشەی پەرەسەندن بە واتای ڕەهای گۆڕان بەکاردێت، بەبێ ڕەچاوکردنی پێوەری باشی و خراپی پلەی گۆڕانەکە (إبراهیم السامرائی، ١٩٨٣: ٢٩).

زانایـانی بـواری واتـا گرنگییـان بـه گـۆڕان و پەرەسـەندنی واتـایی داوە، لێکۆڵینـەوەیان لـە جـۆر و شـێوە و هۆکارەکانی گۆڕانی واتاییدا کردووە.

زمان پەیوەستە بەهۆش و بیری مرۆڤـەوە، نـەوە یـەك بـەدوای یەکـەکان بەکاریـدەهێنن. ئـاخێوەران هەمیشـە بەدوای شێوازێکی باشتری دەربڕیندا وێڵن، دیاردەی گۆڕان و نوێبوونـەوەی واتـا، هاوجووتـە لەگـەڵ پەرەسـەندنی شارستانییەتیدا. بیر و دەروونی مرۆڤ لـە زمانەکەیدا ڕەنـگ دەداتـەوە، عـەقلی پێشکەوتوو بـە بـەراوورد لەگـەڵ مرۆڤی بەراییدا، ئامادەگی گۆڕان و نوێبوونەوەی پتری تێدایە ( رجب عبدالجواد، ٢٠٠١: ٨). لەبەر ئـەوەی وشـە و واتاکەی لە پەیوەندی دان، هەر ئاڵوگۆڕێك بەسەر جۆری پەیوەندییەکەدا بێت، گۆڕان لـە واتـادا دێنێتـە کایـەوە (منقور عبدالجليل، ٢٠٠١: ٦٩).

بایەخدان بە زمان، لە چاخە دێرینەکانەوە مرۆڤـی بەخۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە، ئەگـەر چاوێك بـە مێـژووی شارستانیەتی گەلاندا بگێڕین بۆمان دەردەکەوێت کە زمان لە گرنگی پێداندا پلەی یەکەمی وەرگرتووە. دیـاردەی گۆڕانی واتایی، بەشێکە لە لێکۆڵینەوە واتاییەکان، کە پەیوەندی بە بوارەکانی فەرهەنگ و داڕشتن و دەوروبـەر و مێژوو و ڕامیاری و ئاین و دەروونناسی و ڕەوانبێژییەوە هەیە (نور الهدى لوشن، ٢٠٠٦: ٥٥).

هەر گۆڕانێك، کەبەسەر دیاردەکانی ژیان و بواری فەرهەنگسازیی و شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و ڕامیـاری و جۆری دەسەڵاتدا بێت، لە زمانیشدا ڕەنگ دەداتەوە. هەمیشە زمانـەکان لەبـەردەم ئەگـەری گۆڕانـدان، ئەگەرچـی قسەپێکەرانی هەر زمانێکیش بە ئاگانین لەوەی کە ئەم گۆڕانانە ڕوودەدەن. دیاردەی گۆڕانی زمان، تەنیا تایبـەت نییـە بـە زمانێـك یـان چـەند زمانێـك، بـەڵکو لـە هـەموو زمانەکانـدا ڕوودەدات، بـەڵام جـۆرو شـێواز و ڕادەو چەندییەتی گۆڕانەکە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت و جیـاوازە. لەگـەڵ گۆڕانـەکانی سـەردەمدا، جـۆری کەل و پەل و شێوازی بیرکردنەوەش گۆڕانی بەسەردادێت، بۆیە مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات، کات و وزەی ئـاخـاوتن کەم بکاتەوە و زیـاتر گرنگی بـە لایەنـە پڕاکتیکییـەکانی ژیـان بـدات، بـۆ نموونـە: شـێوازی هەواڵپرسـین و چـاك وچـۆنی بـە تێپـەڕبوونی کـات، بـەرەو کورتبوونـەوە و ئاسـانی دەڕوات، لـەڕووی مـاوە و بـەکارهێنانی دەسـتەواژەکانەوە، ئـەم جـۆرە گۆڕانـە لـە ئاسـتەکانی تـری زمانیشـدا، هەسـتی پێـدەکرێت (زمـان لەگـەڵ پێداویسـتییەکانی سـەردەمدا، خـۆی دەگـونجێنێ و وەك دیاردەیـەکی پەیوەسـت بـەپێی لێکۆڵینـەوەکان لەسـەر بنەمای (ئابوری زمان) بەرەو ئاسان بوون دەڕواو باجی ئەو ئاسان بوونەش لەدەستدانی هەنـدێ لـە دەنگـەکان و پێکهاتەی زمانە، زمـانیش لەبـەر ئـەوەی هۆیـەکی لەیـەکتر گەیشـتنە دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری گەشەسـەندنێکی سروشتی کە شێوەی ڕێزبوونە ڕیزمانییەکەی دەگرێتـەوە، ئـەو گەشەسـەندنەی زمـان بـەرەو ئاسانبوونی دەبـات، بۆئەوەی بەردەوام بێت لەهەموو قۆناغەکانـدا بگاتـە بـارێکی وا، کـە زۆرتـرین چـالاکی زمـانیی بـە کـەمترین وزە ئەنجام بدات)، (محمد معروف، ٢٠٠٦: ٢٤).

بۆچوونە دێرینەکان، دیاردەی گۆڕانیان پەسند نەدەکرد و پێیـان وابـوو گـۆڕان دەرچـوونە لـە یاسـا باوەکـان و زمان بەرەو تێکدان دەبات. پیاوانی ئایینی هیندییەکان زوو درکیان بەوە کردووە کە سرووشتی زمان وایە بگۆڕێ و گواستنەوەی واتا ڕووبدات، ئەو گۆڕانە سروشتییەی زمان ئەوانی هەراسان کـردووە، چـونکە ئـەوان باوەڕیـان وا بـووە کـە هـەر گۆڕانکارییـەك لـە خوێندنـەوە و تـەئویلکردنی کتێبـی (ڕینـگ ڤید Rig) دا بکـرێ، کتێبەکـە پـیرۆزی خـۆی لەدەسـت دەدات (سـەلام نـاوخۆش، ٢٠٠٨: ١٤). ((لەسـەردەمی تێکچـوونی تـاوەری بابـل بەملاوە، هەموو زمانێکی مرۆڤ بەپێی حەزەکانی مرۆڤ سەرلەنوێ پێکهاتۆتەوە، چونکە مـرۆڤ بوونەوەرێکـە زۆر

شیاوی گۆڕانە، زمانیش ناتوانێ نەگۆڕێ و هەمیشەیی بێ، بەڵکو وەکو هەموو شتەکانی دیکەی مرۆڤ، وەك داب و نەریت و جلوبەرگ، بێگومان بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێ))، (حسین یەعقوبی، ٢٠٠٧: ٧).

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، بیردۆزی داروین بەناوی (ڕەسەنی جۆرەکان) کە لەساڵی (١٨٧٥ز)دا بڵاوی کردەوە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زانستە سروشتی و زانستەکانی تریش لەڕووی بیر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەدا هەبوو، زانستی زمانیش لەم کاریگەرییە بەدەر نەبوو (أحمد مختار، ١٩٨٢: ٣٢٨). بەپێی ئەم بیردۆزە، هەموو شتێکی ئەم سروشتە لە گۆڕان و پەرەسەندنێکی بەردەوامدایە، بەهۆی پەرەسەندنەوە بوونەوەرە زیندووەکان دوای ئەوەی لەگەڵ هۆکارە جیاوازەکانی ژینگەدا، دەکەونە ململانێ، لە سادەوە بۆ ئاڵۆزو لەباری بێهێزییەوە بەرەو بەهێزبوون دەچن، ئەم بۆچوونە لە زانستە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕێبازە فەلسەفی و دەروونییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، هەندێ لە زانایانی وەك: کارل مارکس، برتراند ڕسل، فرۆید، ژمارەیەك لێکۆڵەری زمانەوانی بەم بۆچوونە کاریگەر بوون. زمانەوانان، لەم بارەیەوە پێیان وابوو زمان وەك بوونەوەرە زیندووەکان بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، بەهۆی گۆڕانەوە زمانەکان پەرەدەسێنن و پێشدەکەون، لە توانای کەسیشدانییە پێش بە گۆڕانەکە بگرێت. پێویستە زمان لەگەڵ کات و شوێن و سەردەمدا خۆی بگونجێنێ، هەروەك چۆن بوونەوەرە زیندووەکان، لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا بە مەبەستی پەرەسەندن خۆیان دەگونجێنن.

لەسەدەی نۆزدەیەمەوە، زانایان، گرنگییان بە گۆڕان و پەرەسەندنی واتا داوە، هەوڵیانداوە گۆڕانی واتا بە یاسا و ڕیسای ڕێزمانییەوە پەیوەست بکەن. گۆڕان و یاساکانیان، بەچەند زاراوەیەکی چاو لێکەری، وەك: فراوانبوون و تەسکبوونەوە و خواستن و خوازە و...هتد. ڕوون دەکردەوە.

دواتر دیاردەی گۆڕان و پەرەسەندنی واتای فەرهەنگی بەشێوەیەکی سیستەماتیکی لەلایەن (ستێرن) لە ساڵی (١٩٣١ز) و چەند کەسێکی ترەوە گرنگی پێدرا و شیکرایەوە (محمد محمد یونس، ٢٠٠٤: ٦٢). لەگەڵ بەرەوپێش چوونی واتاسازی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبارەی گۆڕانە واتاییەکانەوە ئەنجامدرا، لەبەر ئەوەی هەمیشە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە. گۆڕانی واتا ئاراستەیەکی بازنەیی هەیە، مەرج نییە لە هەموو کات و سەردەمێکدا و لە هەموو زمانێکدا، بەهەمان پێوەر و ڕووکار ڕوو بدات، دەشێ دیاردە لەناوچوو یان متبووەکان، دووبارە بگەڕێنەوە ناو زمان، بەپێی پێویستییەکانی ئەو خەڵکەی کە قسە بەو زمانە دەکەن، هەندێ وشەی مردوو دووبارە بۆ ناونانی دیاردە نوێیەکان بەکاردەهێنرێنەوە (ڕۆژان نوری، ٢٠١٤: ٥).

بۆیە دانانی یاسا، بۆ گۆڕانی واتا، لە زمانێکدا یان لەنێوان کۆمەڵە زمانێکی دیاریکراودا کارێکی ئاسان نییە. ناتوانین یاسایەکی تایبەت لە زمانێك، یان کۆمەڵە زمانێکی دیاریکراو بۆ ڕێگاکانی گواستنەوەی واتا دابنرێت، لەبەر ئەوەی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یەکسان نییە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. گۆڕان، لە زمانی کوردیدا ڕێچکەی تایبەتی خۆی هەیە، واتە لەگەڵ ئەوەدا گۆڕانی زمان ڕووکارێکی گشتی هەیە، بەڵام لەهەر زمانێکدا ئاراستەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ نموونە، بۆی هەیە زمانێك لە قۆناغێکی مێژووییدا پەرەسەندنێکی تەواوی بەخۆیەوە بینیبێ، بەڵام زمانێکی تر لەهەمان قۆناغدا بە بارودۆخێکی خراپدا تێپەڕبێت و بەتەواوی لەم قۆناغەدا لە گەشەسەندن بوەستێت، بۆیە ناتوانین هەموو زمانەکان لەیەك قۆناغی مێژووییدا لەڕووی پەرەسەندنەوە وەك یەك بەراورد بکەین، یان بەهاوتایان دابنێین.

گەشە و گۆڕانی واتا دەکەوێتە بواری زمانەوانی مێژووییەوە، پەیوەندی بە سیمالۆجی و واتاسازیی مێژووییەوە هەیە، کە سەرەتا لای ئەڵمانەکان لەساڵی (١٨٠٠ز)ەوە دەستی پێکرد و دواتر گواسترایەوە بۆ

کۆمەڵناسە فەرەنسییەکان، لەم سەردەمەدا هەوڵدرا، لە گۆڕانی واتایی وشەکان بکۆڵدرێتەوە لەسەر بنچینەیەکی لۆجیکی پۆلینیان بکەن (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١١: ١٩١).

گۆڕانی واتا، لە چوارچێوەی سیستەمی جوڵەیەکی هێمن و بەردەوامی زماندا ڕوودەدات، لە ڕەوتی گۆڕاندا هێمای زمانیی لەو بوارە واتاییە دیاریکراوەی کە بۆی دانراوە، بۆ بوارێکی تر دەچێت و دەگوازرێتەوە، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی خوازەی زمانییەوە، لە کردەی بەکارهێنانی زماندا، دەشێ واتای بنجی وشە و دەستەواژە و پێکهاتە زمانییەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت واتای پێگە یان شێوازیی و ڕەوانبێژی، جێگەیان بگرێتەوە، بەم جۆرە یەکەیەکی زمانیی واتایەکی نوێ هەڵدەگرێت.

هەر وشەیەك، کە لە بیری ئاخێوەردا هەیە کۆمەڵێك زانیاری زمانی دونیایی تێدا کۆبۆتەوە، ئاخێوەر لەکاتی ئاخاوتندا بەپێی پێویست، لە بۆنە و ئاخاوتن و بارودۆخدا واتایەکی گونجاو بەکاردەهێنێت، واتە: هەر وشەیەك جگە لەو واتا بنجییەی کە لە فەرهەنگدا بۆی دانراوە، لەبواری بەکارهێنان و کۆمەڵ و دەوروبەردا چەند واتایەکی تریش هەڵدەگرێت. کە بەپێی مێژوو، هەنگاو بە هەنگاو بۆی دروستبووە. بۆ نموونە، وشەی (گرێ)، بە واتای بنجی، ناوێکە بۆ پەت یاخود گوریس، ...هتد بەکاردێت.

- داوەکە گرێ بدە. (+ بەرجەستە)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا، بۆ واتای نابەرجەستە، بەکارهاتووە:

- گرێی دەروونی.
- گرێی ئابووری.
- گرێی سیاسی. (- بەرجەستە)

لە ڕێزماندا، (گرێی ناوی، گرێی کاری، گرێی ئاوەڵکاریی، گرێی ئاوەڵناوی) هەیە.

لە ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا، بە واتای گرفت و کێشە، دێت.

- چەند ئاستەنگ و گرێیەك تێکەڵ بە ژیان بوون.

لە پەندی پێشینانیشدا، بە واتای کێشە، هاتووە:

- گرێی دەست، مەخەرە ددان.

واتە: کێشەکانت، زوو چارەسەر بکە بائاڵۆزتر نەبێت.

وشەی گرێ، بەهۆی فرەیی لە واتاوە، لە بوارە بەرجەستەییەکەی خۆیەوە بۆ بواری نابەرجەستە، گواستراوەتەوە (ڕۆژان نوری، ٢٠١٤: ٧).

مەبەستمان لە پەرەسەندن و گواستنەوەی واتا ئەو دۆخە نییە، کە زمان بە ئاراستەی بەرزبوونەوە، یان نزمبوونەوە ببات، چەمکی پەرەسەندن هەڵگری هیچ بارگە و پێوانەیەکی باش یان خراپ نییە، بەڵکو مەبەست لە گۆڕانە، کەبەسەر هەندێ لە بەشەکانی وشە و پێکهاتەی زماندا دێت.

گۆڕانی واتایی، بەزۆر شێوەی وەك: بەرزبوونەوەو نزمبوونەوە، تازەکردنەوە و خستنەسەریی واتایی، فراوانبوون و تەسکبوونەوە و گشتییەتی لە واتادا ڕوودەدات. لە پرۆسیسی گواستنەوەدا، واتا هەندێك جار لە بوارێکی تەسك و تایبەتمەندییەوە، بۆ بوارێکی فراوان و گشتی دەگوازرێتەوە، یان بە پێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی، زمان ئامێرێکە بۆ هەڵسوکەوت و بەستنی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤدا، لەهەموو ئاستەکاندا لە پەرەسەندنایە.

زمان پێکهاتەیەکیی ئامادەکراوە، بەڵام لە ڕەوتی بەردەوامبوونیدا، گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانەش لە وشەکانیدا ڕوودەدات، بەڵام ئەو گۆڕانەی کە بەسەر سیستەم و یاسا ڕووتەکانی زمانەکەدا دێت زۆر لەسەرخۆو بەهێواشیی دەردەکەوێت، ئەم لەسەرخۆییەش، بە تایبەتمەندیی سیستەمی پارێزگاریکردن ناودەبردرێت. لەبەرئەوەی ئەرکی زمان مسۆگەرکردنی گەیاندنە لەنێوان نەوەکاندا و پاراستنی یەکێتی زمانییە، هەروەکو چۆن (گلبار) Gulbert ، هەمان بۆچوونی هەیە، بەڵام وشەکانی زمان لەبەر ئەوەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە داهێنان و شتە تازەکانەوە هەیە، پتر دووچاری گۆڕان دەبنەوە (محمد شندول، ٢٠١٢: ٢٩).

لە ڕوانگەی زمانەوانی ئەرکییەوە، کە گۆڕانی زمانیی بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست دەکرێت، دەتوانین بڵێین: پەرەسەندن بە چەمکە زمانەوانییە گشتییەکەی (بریتییە لەهەر گۆڕانێك کە بەسەر ڕەگەزە زمانییەکاندا دێت). (بیرتل مالبێرگ )Bertil دەڵێت: پەرەسەندنی زمان و شارستانیەت بەرانبەر یەکدی دەوەستن، گەشەسەندنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی پێویستی بە خۆگونجاندنی زمان لەگەڵ دیاردە نوێ و داهێنەرەکاندا هەیە (منذر عیاشی، ٢٠١٣: ٧٩).

بۆیە ناتوانین، بەبێ زمانێکی پێشکەوتوو باس لە هۆکارەکانی شارستانیەت و داهێنراوەکانی سەردەم بکەین.

مەبەست لە گۆڕان و پەرەسەندنی واتا، کەرتبوون و پارچەبوون نییە، بەڵکو بەردەوامی ڕابردووە لە ئێستادا و ژیانەوەی داهاتووە. پەرەسەندن و گۆڕان چوار لایەن دەگرێتەوە:

١ ـ پەرەسەندنی زەمەنی: مەبەست لە گواستنەوەی زمانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر, بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگا.

٢ ـ پەرەسەندنی شوێنی: مەبەست پەرەسەندنی زمانە لە چوارچێوەی جوگرافیدا.

٣ ـ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی: مەبەست پەرەسەندنی زمانە لە چوارچێوەی کۆمەڵدا.

٤ ـ پەرەسەندنی تاکیی: مەبەست لە پەرەسەندن و گۆڕانی زمانە، لە ژیانی مرۆڤدا لە منداڵییەوە، تاوەکو پیری. (منذر عیاشی، ٢٠١٣: ٨٥).

**١ـ٣ بیردۆزەکانی گۆڕانی زمان:**

**بۆ لێکدانەوەی گۆڕانی زمان و واتا، تا ئێستا چەند بیردۆزێك هاتوونەتە ئاراوە کە ئەمانەن:**

**أ ـ بیردۆزی سوککردنی ئەرك (وزە بەفیڕۆ نەدان):**

بەپێی ئەم بۆچوونە قسەکەری هەر زمانێك هەوڵدەدات، بە کورتترین دەربڕین و بە کەمترین کات بەرامبەرەکەی خۆی تێبگەیەنێت، ئەمیش لەو ئارەزووەی مرۆڤەوە هاتووە، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەوڵدەدات بە نزیکترین ڕێگا بە ئامانجەکەی بگات (إبراهیم أنیس، ١٩٧٦: ٦٧) و سووککردنی ئەو ئەرکەی کە دەکەوێتە سەر ماسولکە و ئەندامانی ئاخاوتن، بەم پێیە هەموو ئەو گۆڕانانەی کە لە زماندا ڕوودەدات، وەك: توانەوە و کرتاندن و جیابوونەوە و جێگۆڕکێ و لەناوچوونی ئامراز و گۆڕان لە ڕێزبوونی کەرەسەی ڕستە و بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی واتا...هتد. هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دەربڕین و ئەو هێشووە دەنگانە کەرتدەکەن لەم دەنگانەش ڕزگارمان دەکات کە قورسن و بەئاسانی بۆمان گۆ ناکرێت (محمد معروف: ١٩٩٠: ١٢٥).

**ب ـ بیردۆزی چینکاری:**

بەپێی ئـەم بـیردۆزە زمـان لـە شـێوەی پێکهاتنیـدا وەك زەمـین وایـە (چـین لەسـەر چـین) دروسـت بـووە، واتـە زمانێك کە لە ناوچەیەك بڵاودەبێتەوە، وەك خۆی نامێنێت و کاری تێدەکرێت لەلایەن ئـەو زمانـەی کـە لـەپێش ئەودا لە ناوچەکەدا هەبووە. بۆ نموونە: زمانی ڕۆمانی کە لە فەرەنسای کۆندا بڵاوبۆوە و کەوتـە ژێـر کاریگـەری زمانی کێلتی کە پێشتر لە ناوچەکەدا بووە (عبدالله عزیز، ١٩٩٠: ١٤).

**پ ـ بیردۆزی مارتنێت:**

بە باوەڕی زمانەوانی فەڕەنسی (مارتنێـت) هـەموو زمانێـك لەگـەڵ پەیدابوونیـدا هۆکـاری گـۆڕانی لەگەڵدایـە، چونکە هەموویان ئەو ئارەزووەیان تێدایە، کە ئاسان بن و ئەرکێکی زۆر نەخەنە سەر ئەو کەسانەی کـە قسـەیان پێدەکـەن و بـەکاریان دێـنن، جا لەبـەر ئـەوەی زمـانیش ناوێزەییـەکی زۆری تێدایـە، ئـەم دیـاردە ناوێزانـەش تـا ڕادەیەك زمانیان لاسـەنگ کـردووە قسـەکەران هەمیشـە بـەدوای هێنانـەوەی هاوسـەنگییەوە وێڵـن و هـەموو ئـەو گۆڕانانەی دێتە کایە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێ، بێگومان ئەم ئامانجەی قسەکەرانیش هـەرگیز نایەتـەدی، چونکە هێنانـەوەی هاوسـەنگ لـە لایـەك دەبێتـە هـۆی لاسـەنگی لـە لایـەکی تـری زمانەکـە، بـەم جـۆرە کێشـەکە بەردەوام دەبێت و زمان و گۆڕان شان بەشانی یەکتر دەڕۆن، تەنیا کاتێك زمـان لـە گـۆڕان دەکـەوێت کـە زمانەکـە لەناو بچێت (محمد معروف، ١٩٩٠: ١٢٤).

**ت ـ بیردۆزی ڕووداوی مێژوویی کۆمەڵایەتی:**

هەندێ لە زمانەوانان گۆڕان دەدەنە پاڵ ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی وەك شەڕوشۆڕ و جـەنگی بـەربڵاو و داگیرکردن و برسیەتی و نەخۆشی و کۆچ و باری نائاسایی و نوێکردنەوە و ئاوەدانکردنـەوەی وڵات، ئاشـکرایە کـە هەریەکێ لەم دیاردانە دەبێتە هۆی گۆڕانی مانا، بەڵام دیسان ئەم دیاردەیە هەموو گۆڕانێکمان بـۆ لێـك نادەنـەوە (محمد معروف، ١٩٩٠: ١٢٤).

**ج ـ بیردۆزی زمانی دایك:**

بەپێی ئەم بۆچوونە گۆڕانی زمـان دەگەڕێتـەوە بـۆ کاریگـەری دوو زمـان یـان زیـاتر لەسـەر یـەکتری، ئەوانـەی فێری زمانی بێگانە دەبن ئاسایی بەر لەمـەش زمـانی دایکی خۆیـان دەزانـن، ئینجا یـان زمـانی دووەم بەتـەواوی فێرنابن، یان زمانەکەی خۆیان دەگۆڕێ، لە هـەردوو بـاردا زمـان گـۆڕان دێتـە کایـەوە وەك ئـەو گۆڕانـەی بەسـەر ئینگلیزیدا هاتووە لە هیندستان (محمد معروف، ١٩٩٠: ١٢٤).

**١ـ٤ هۆکارەکانی گۆڕانی واتای وشە:**

(ئۆڵان) چەند هۆیەك دەست نیشان دەکات بۆ گۆڕانی واتای وشە، لەوانە:

١ـ٤ـ أ هۆکاری نازمانی.

١ـ٤ـ ب  هۆکاری زمانی.

١ـ٤ـ أ هۆکار نازمانی: لە زمانی کوردیدا، هۆکاری نازمانی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١ ـ هۆکاری کۆمەڵایەتی:

گرنگی دان بـە کۆمـەڵ دوای بڵاوبوونـەوەی بیروڕاکـانی قوتابخانـەی (دۆرکـایم) بـڵاو بـووەوە، ئـەویش بـەهۆی ئـەوەی کـە زمـان بـە کەرەسـەیەکی گرنگـی لەیـەکتر گەیشـتن دادەنرێـت لـە کۆمەڵـدا. هـەر گۆڕانێـك لـە ژیانـدا ڕوودەدات، لـە زمانەکـەدا ڕەنـگ دەداتـەوە. هـەروەك زانـا (مـار) دەڵێـت: (ڕۆنـانی زمـان لەگـەڵ ڕۆنـانی کۆمـەڵگا

دەگۆڕێت)، (عبدالله عزیز محمد: ١٩٩٠: ٦٧). وەك گواستنەوەی ناوی گۆرانیبێژ و هونەرمەند و ناودارەکان بۆ ئۆتۆمۆبیلەکان لە لایەن چەند کەسانێك کە لە پێشانگاکانی ئۆتۆمۆبێل کاردەکەن، وەك ناوی: ( لەیلاعلوی، مۆنیکا و وەنەوشە و ...هتد) کە گوایە پەیوەندی جوانی لە نێوانیاندا هەیە.

٢ ـ هۆکاری لادان:

ڕێگایەکی تری گۆڕانی واتایە، لە ئەنجامی ئەوە پەیدا دەبێت، کە کۆمەڵە کەسێك پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن، یان بەهۆی دواکەوتنی بیروبۆچونێکی نوێ چەند زاراوەیەکی تایبەت بڵاودەبێتەوە، کە کەسانی تری ناو کۆمەڵ لێی تێ ناگەن. پاش ئەوەی بیری دیاردەکە بەهێز دەبێت، ئەم جۆرە زاراوانە لەئەنجامی ئەو پەیوەندییەی کە لەناو کۆمەڵدا دروست دەبێت، واتاکانیان ڕوونتر دەبێتەوە و خەڵکیش بەباشی لێی تێدەگەن وەك: وشەی (تۆزوبا) یان وشەی (علوج).

٣ ـ هۆکاری باری ئابووری:

بەرەو پێشچوونی باری ئابووری و ڕەنگدانەوەی لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا، قسەپێکەرانی زمان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی باری کۆمەڵایەتی دوو ڕێگا بەکاردێنن، ئەوانیش:

أ ـ زیندوو کردنەوەی وشە کۆنەکانی زمان بۆ ناولێنانی دیاردە نوێیەکان، کە لەگەڵ ئەوەشدا بابەتەکەی گۆڕاوە، بۆ نموونە: وشەی (مەکۆ) لە کۆندا جۆلا، لە بواری ڕستن و چنین دا بەکاری دەهێنا، بەلام ئێستاکە بەرگ درووش لە درومانداا بەکاریدەهێنێ.

ب ـ پێکهێنانی وشەی نوێ، ئەمیش بەدوو ڕێگا دەبێت:

١ ـ وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە زمانی بێگانەوە، وەك: وەهم، تەلەفۆن، تەسجیل، حەج، قەڵەم...هتد.

٢ ـ داڕشتن: ئەویش لە ئەنجامی داڕشتنی وشە لەلایەن کەسێکەوە، یان کۆڕێکی زمانەوانییەوە، وەك:

وشەی (زانکۆ ـ کۆ زانین ) (عبدالله عزیز محمد: ١٩٩٠: ٦٧).

٤ ـ هۆکاری باری دەروونی:

ئەم دیاردەیە بە ڕوونی لەم ناوانەوە دەردەکەوێت، کە لە زمانەوانیدا پێیان دەگوترێت (تابۆ). لە زۆر کۆنەوە خەڵکی ئەو هێزو قودرەت و گیانلەبەرانەی کە پیرۆزبوون لایان، یا سەرچاوەی مەترسی بوو، سڵیان لە ناوی ڕاستەقینەیان دەکردەوە و وایان زانیوە بە ناوی تر ناوی ببەن باشترە. ئەویش بۆ ڕێزگرتن و دڵ ڕاگرتنیان بەو هیوایەی کە لە ئێش و ئازار و ڕق و کینەیان بە دوور بن، بۆ نموونە: بە جنۆکەیان دەگوت: (لەمە چێتر)، بە (سوورێژە) دەڵێن (موبارەکە)، بە (مردن) دەڵێن (ئەمری خوای بەجێهێنا) ) (عبدالله عزیز محمد: ١٩٩٠: ٦٨).

٥ ـ هێز: (Stress)

زیادە وزەیێکی دەنگییە لەپڕ لەسەر یەکێ لەبڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدا...(واتا هێز سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجییە و دەوری لە چوارچێوەی ئەم ئاستەدا دەرناچێ)، بۆ نموونە وشەی (بەلام) لە دوو بڕگە پێك هاتووە (بە+لام). لە بڕگەی یەکەمدا هەڵچوونێکی لەپڕی دەنگی سەرهەڵدەدا. ئەم هەڵچوونە ئەنجامی خێرا لەرینەوەی ژێکانە. ئەمە لە بڕگەی دووەمدا بەدی ناکرێت (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٨٤).

ئەوەی لێرەدا گرنگە لە هەر وشەیەکدا بڕگەیەکیان لە هەموویان بەرزتر گۆدەکرێ، یان دەربڕینەکەی زەقترە، ئەویش ئەو دەنگەیە کە هێزی کەوتۆتە سەر. بەزۆری ئەو دەنگەی هەڵگری هێزە دەنگێکی بزوێنە.

بەشێوەیەکی گشتی هێز لە وشەی سادەدا، دەکەوێتە سەر دواوەی بڕگە، بەڵام هەندێ جار شوێنی دەگۆڕێت و دەچێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم و ئەو بڕگەیە زەقتر دەکات بۆ گەیاندنی مەبەستی تر، بۆ نموونە:

نووستن:¯ وەکو چاوگ

نوو¯ستن: بە واتای (ئەوان نووستن).

١ـ٤ـ ب هۆکاری زمانی:

هۆکاری زمانی دەبێت بە سێ بەش، ئەوانیش بیتین لە:

أ ـ ئاستی دەنگسازی:

هۆی گۆڕانی دەنگ لە وشەکانی زماندا، دەگەڕێتەوە بۆ ویستی مرۆڤ، کە بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات ئەرکی ئەندامانی ئاخاوتن سووك و کەم بکاتەوە لە دەربڕینی وشەکاندا. هەندێ جار وشە ئەگەر دەنگێکی لێ بکرتێت، وشەیەکی نوێی لێ دروست دەبێت و مانایەکی تازە دەدات بەدەستەوەو دەبێتە فرەواتاو هاوبێژ، بۆ نموونە: سوانی دەنگی (د) لە وشەی (ددان)دا، وا دەکات سێ واتای تر بە دەستەوە بدات: (دان) وەکو (چاوگ)، (دان) وەکو (دانەوێڵە)، (دان) وەکو (ددان).

هەروەها بە سوانی دەنگی (د) لە وشەی (صەد)دا، وشەکە دەبێت بە (صە)، لە شێوەزاری هەولێردا بە واتای (سەگ)دێت (ساکار ئەنوەر، ٢٠٠٩: ٦١).

ب ـ ئاستی وشەسازی:

داڕشتن و لێکدانی وشە، کار لە گۆڕانی واتا دەکات و هەر گۆڕانێك لە فۆڕم دەبێتە گۆڕانی واتا. وەك: (سارد + ی = ساردی) کە هەموو ساردەمەنییە گازییەکان دەگرێتەوە. یان (بان + گێڕ = بانگێڕ) ئەو ئامێرەیە کە سەرخانووی پێدەپەسترێتەوە (عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١٠: ١٧٠).

پ ـ ئاستی ڕستەسازی:

بەکارهێنانی وشە لەناو ڕستەدا، وا دەکات گۆڕانی واتایی دروست ببێت، بۆ نموونە: وشەی (باش) لە ڕستەی (پارەیەکی باشم پێ بەخشی) بە واتای (زۆر) دێت و لە ڕستەیەکی تردا، واتاکەی دەگۆڕێت کاتێ دەڵێی:

ـ لێدانێکی باشم لێدا.

بە مانای:

ـ لێدانێکی خراپم لێدا.

واتە لە باشەوە واتاکەی دەگۆڕێ بۆ خراپ.

ت ـ گۆڕان بەهۆی دەوروبەر:

ئاشکرایە کە دەوروبەر باشترین هۆکارە بۆ تێگەیشتنی واتای کتومتی وشە، کاتێك لە شوێنێکی جیاواز بەکاردەهێنرێ بۆ نموونە: وشەی (دەرچوون) لای قوتابی سەرکەوتنە لە دەرسەکانی، بەڵام لای شوفێر ڕۆیشتنە. هەروەها وشەی (لێدان) لای قوتابییەکی زانکۆ بە واتای (نەچوونە ژوورەوە دێ بۆ موحازەرە کردن)، بەڵام لای یەکێکی تر (جگە لە قوتابی زانکۆ)، بە واتای شەڕو لێدان لە نێوان دوو کەس یان زیاتر دێت.

**بەشی دووەم**

**٢ـ١ گواستنەوەی واتا:**

زمانەوان (فەندریس) لەبارەی گواستنەوەی واتا دەڵێت: گواستنەوەی واتا لەکاتێکدا ڕوودەدات, کە هەردوو واتاکە بەرانبەر بەیەکتر یەکسان ڕاوەستن، یا هیچ پێچەوانییەك لە ڕووی گشتی و تایبەتییەوە لە نێوانیاندا نەبێت (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٠: ١٨٢).

هەندێ لە زانایانی زمان لەسەر ئەوە کۆکن، کە واتا لە شتومەکی بەرجەستەوە پەرەی سەندووە بۆ لایەنی نابەرجەستە بەپێی نەش و نمای مێشکی مرۆڤ، ئەم گواستنەوەیە بەرەبەرە ڕوودەدات. لێرەدا مرۆڤ هەوڵی ئەوەی داوە ناوی ئەو دیاریدانەی هەستیان پێدەکات و لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن بە وشە ناویان بنێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا کە دەگوترێت: (بۆ زاخاوی مێشك)، زاخاو (زاخاودان)، تەنیا لە کاری زێڕەنگەری و مسگەری هەیە، بەڵام ئەم گواستنەوەیە ڕووی داوە لەئەنجامی ئەوەی مرۆڤ هەست بە پاككردنەوە دەكات لە مێشكدا بەهۆی بینینی چەند دیمەنێكی خۆش و سەرنجڕاكێشەوە.

گواستنەوەی واتا یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە واتای پێ دەگۆڕێت، زمانەوانان دوو جۆر دابەشبوونیان بۆ گۆرانی واتا پەسند کردووە:

١- دابەشبوونێکی مەنتیقی.

٢-دابەشبوونێکی دەروونی (عەبدوڵلا عەزیز، ١٩٩٠: ٧٤).

زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دابەشکردنی مەنتیقی پەسندترە، چونکە کاتێك وشە کەوتە باری دەروونییەوە بەپێی کەس و ڕادەی ڕۆشنبیری و ئاستی قسەکردن و سیاقی بەکارهێنانی واتاکەی دەگۆرێت.

**٢ـ٢ ڕێگاکانی گواستنەوەی واتا:**

گواستنەوەی واتا بەچەند ڕێگایەك دەبێت لەمانە:

**٢ـ٢ـ١ میتافۆر (خــوازە):**

میتافۆر بەو واتایە دەوترێ کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی واقیعی نیشان نادات، بەڵکو لە ڕێگای پەیوەندیەوە لەگەڵ دیاریدەکدا واتا دەدات. بریتییە لەوەی کە وشەیەك بۆمانای دروستی خۆی بەکارنەبرێ، بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێ و مەبەستێکی تر بگەیێنێ، پەیوەندیەکیش لە نێوان مانای ڕاستەقینەو مانای خوازراو وشەکەدا هەبێت. (عەزیز گەردی، ١٩٧٢: ٦٧).

بە نموونە: وشەی (ئاگرنانەوە) لەزمانی کوردیدا بە واتای (ئاگر بەردان بە شوێنێکەوە کە بسوتێ) و (هەڵگیرسانی شەڕو ئاشوبنانەوە) دێت. واتای یەکەمی وشەکە حەقیقیە، بەڵام واتای دووەمی مەجازیەو ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی مەوزوعی و واقیعی نیشان نادات، بەڵكو واتای (ناخۆشی و خراپی و وێرانی ...هتد) دەگەیێنێت. نەك (گڕگرتن و سوتان)، (ئەورحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٢: ١٣).

خوازە گواستنەوەی واتای وشەیەکە بۆ وشەیەکی تر لەسەر تەوەرەی ئاسۆیی (عبدالسلام نجم الدين، ٢٠٠٨: ١٤٧).

بۆ نموونە: دووشت کە یەکیان لەناو ئەویتریان بێت زۆر جار بەناوی شتەکەی یەکەمەوە دووەم ناو دەبرێت.

بۆ نموونە: (سەنیدکا) و (ئەندازیار)

ـ سەندیکای ئەندازیاران خەڵاتکران.

ـ واتە: ئەندازیارانی سەندیکای ئەندازیاران خەڵاتکران.

**٢-٢-١-١ ناسینەوەی میتافۆر:**

میتافۆر دیاردەیەکی زمانی بڵاوە. لە زۆر شێوەی گەیاندنی زمانیدا دەبینرێ. ئاخاوتنی ڕۆژانە ، گوتاری ڕۆژنامە، گوتاری دینی، نووسینی فەلسەفە و ڕۆمان و شیعر و ...هتد. بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

- دارا ئاگری بن کایە.
- پیاو گورگە.

لە ناسینەوەی میتافۆردا دەبێ بابەتی گوتنەکە دیار بێت، واتە دەوروبەری زمانی یان نازمانی دەبێ بابەتەکە بخاتە ڕوو. بەبێ باری گوتن و بابەتی گوتن ئەو وشانە نادۆزینەوە کە لەجێی خۆیاندان و جیاناکرێنەوە لەوانەی نامۆو سەیرن، چونکە کە دەڵێین هەندێ وشە نامۆن و لەگەڵ بەشەکەی تری ڕستەکەدا ناڕۆن. مەبەستمان لەوەیە کە بابەتەکە لەگەڵ بەکارهێنانی ئاسایی وشەکەدا لەیەك دەدەن. واتە پێکدادان لەنێوان بابەت و وشە هەیە.

مەرجێکی تر کە دەبێ بەسەر ئەو پێناسەیەی سەرەوەدا بسەپێ ئەوەیە کە دەبێ هەموو وشەیەك بەکارهێنانێکی ئاسایی یان ستاندەری هەبێ، یان چەند بەکارهێنانێکی ستاندەری هەبێ و بشزانین کام لەم بەکارهێنانانە لە ڕستە میتافۆرییەکەدا باسی لێوە دەکرێ.

هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین کە بەکارهێنانی ستاندەر تەنیا بۆ ئەو وشانە دەبێ یان ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە خاوەنی واتای وەسفین، واتە بەرانبەریان لە دەرەوەی زمان، یان دنیای دەرەوە شتێك هەیە کە وشەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، تەنانەت بۆ ئەو وشانەی کەواتای وەسفی و ستاندەریان هەیە وەك: (گورگ) دەبێ ئەم واتایەی هێندە دیاریکراو بێت کە ئەو وشانەی میتافۆرەکە دروست دەکەن دەبێ کێڵگەیەکی واتای وەسفی حەرفییان هەبێت (بەکر عومەر، ٢٠٠٠، ٨).

کەواتە سنوور دانان بۆ میتافۆر و دیاریکردنی پێویستی بەوەیە ئەو مەرجانە بدۆزینەوە کە وشە دەکات بە میتافۆر کە ئەمانەن:

١ - دەبێ دەوروبەری زمانی یان نازمانی ئاشکرا بابەتەکە دەربخات.

٢ - ئەو وشانەی کە میتافۆرەکە دروست دەکەن خاوەنی کێڵگەیەك واتای وەسفی، حەرفی بن کە فەرهەنگی وشە دیاری بکات.

٣ - دەبێ بەشێك لە ئەرکی وشە وەسفێکی ڕاستەوخۆ، یان لێدوان بێت لە بابەت یان چەند لایەنێکی.

٤ - دەبێ گوتنەکە مەودای ئەوەی تێدا نەبێت کە بە هەڵە یان درۆ یان بێ واتا یان بێ مەبەست لێك بدرێتەوە.

بێگومان ئەم مەرجانە ئەوە ناگەیەنن کە گۆتنەکە دەبێ هەر هەواڵ گەیاندن بێت. بەڵکو ڕستەی میتافۆری دەتوانێ پرس بێت، یان فەرمان یان ڕامان بێت.

بیری بابەت و کێڵگەی واتایی حەرفی بە ئاسانی بەسەر ئەو نموونانەی سەرەوەدا پیادە دەکرێت لە نموونەی یەکەمدا:

(دارا ئاگری بن کایە)، بابەتەکە لێدوانە لە کەسایەتی مرۆڤێك و چۆنیەتی ڕەفتارکردنی. ئەگەر بابەتەکە دیار نەبێت، دەبێ پەنا ببرێتە بەر باری گوتنەکەو شوێنەکەی و هاوبەشەکانی گوتن...هتد.

ئەوەندەی گوتنەکە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە، ڕۆڵی (ئاگر)و (ئاگری بن کا) ڕەگەزێکی نامۆیان داوە بە ڕستەکە، لەوەدا کە کێڵگەیەکی واتایی حەرفییان هەیە، لەگەڵ بابەتەکە کە سیفاتی کەسی (دارا)یە ڕێك ناکەون، واتە (دارا)ی مرۆڤ ناکرێ (ئاگر) یان (ئاگری بن کا) بێت کە شتە نەك مرۆڤ.

((لە ڕووی حەرفییەوە (دارا) (ئاگر) نابێت)). دیسان لە نموونەی دووەمدا (پیاو گورگە.) بابەتەکە (پیاو)ە کە سیفەتی کەسێکە و لەناو واتا حەرفییەکانی (گورگ)دا نادۆزرێتەوە. پێویستە بگوترێت، واتای میتافۆری لە بەکارهێناندا چالاکانە، واتە لە کردە مورفۆلۆژی و سینتاکسییدا دروست دەبێت، چونکە ئەم واتایە لە دانە دانەی یەکە پێکهێنەرەکانی دروستەکەوە دەست ناکەوێت، وەك واتای فەرهەنگی/حەرفی، نەك هەر واتای میتافۆری بگرە واتای گراماتیکیش، ژمارەیان گەلێك زۆرە و دەشتوانن بێ کۆتابن. ئەوانە دەتوانرێن هەمیشە بەردەوام دروست بکرێن و بەرهەمبهێنرێن و لەئاخاوتنی ڕۆژانەشدا بەردەوام بەرهەمدەهێنرێن. لەبەر ئەوە شاکاری وەك وشەنامەکان بۆ واتای ئەم یەکە ئاڵۆزانە بەرهەمێکی ئێجگار گەورە و کۆتایی نەهاتوو دەبێت، بەڵام واتای فەرهەنگی وشەکان لە فەرهەنگی زمانەکاندا تۆمار دەکرێت. واتای یەکە واتاییەکانی وەك (کۆمەڵە وشەکان، پەندی پێشینان، ئیدیەم، ...هتد) لە فەرهەنگی تایبەت بەخۆیاندا ڕووندەکرێنەوە. پێویستە بگوترێت لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە واتایە بە توێکڵە واتاو واتای بارکراو باسکراوە (محەمەدی مەحویی، ب١، ٢٠٠٩: ١١٦).

## ٢-٢-١-٢ بەکارهێنانی میتافۆر:

ئەرکی میتافۆر لەوانەیە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر بگۆڕێ، بەڵام هەندێ بەکارهێنانی هەمیشەیی هەیە کە سەرنج ڕادەکێشێ. کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

١ ــ پڕکردنەوەی فەرهەنگی وشە: فەرهەنگی زمانێك چەند دەوڵەمەند و پڕ بێت، هێشتا بۆشایی گەورە بەخۆیەوە دەبینێ و هەرگیز ناتوانێت پێشەکی پێشبینی هەموو ئەو بارانە بکات، کە دنیای دەوروبەر و مێشکی مرۆڤ دروستی دەکەن. ئەم بارە ناتەواوەی فەرهەنگ بەزۆری بەوە پڕدەکرێتەوە کە کەرەسە فەرهەنگیەکە بێنن و واتای نوێی بکەن بەبەردا بە کەڵك وەرگرتن لە دەوروبەری زمانی و نازمانی.

دەبێ ئەوەش بزانین، کە هەندێ جار زمانەکە لەوانەیە وشە پێویستەکەی تێدابێت، بەڵام قسەکەر بەدوای وشەیەکی جوانتر و قەشەنگتر و لەبارترو کاریگەرتر دەگەڕێ بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی، ئەوەش دەبێتە هۆی لەدایك بوونی میتافۆر لە زۆر باردا.

٢ ـ بەکارهێنانی میتافۆر و کارکردنی لەسەر بنەمایەکی ئابووری دەبێ، چونکە ناکرێ بۆ هەموو بارێکی نوێ وشەیەکی نوێ دروست بێت. ئەگینا ئەرکێکی تەواو گران دەکەوێتە سەر مێشکی مرۆڤ و فەرهەنگی بیری هێندە بلاّو دەبێت کە ڕێگە لە فێربوونی زمانەکە دەگرێ.

٣ ـ کەواتە میتافۆر ئامرازێکی بەهێزە، هەرکاتێ بمانەوێ بارێکی نوێ بدۆزینەوە یان ڕوونی بکەینەوە یان وەسفی بکەین، توانای ئەوەمان دەداتێ، کە باری نوێ لە چوارچێوەی وشە و دەربڕینی کۆندا لێك بدەینەوە.

٤ ـ میتافۆر هێندەی مەودای دۆزینەوەو لێکدانەوەی باری نوێ دەدات، ئەوەندەش مەودای شاردنەوەی ڕاستی و دوورکەوتنەوە لە ڕاستی و پشتگوێ خستنمان دەدات و دەبێتە سەرچاوە بۆ نامەنتیقی و نادروستی (بەکر عومەر، ٢٠٠٠، ١٤).

**٢ـ٢ـ١ـ٣ له میتافۆردا پێوسته له نێوان واتای گوتراو و واتای مەبەستدا پەیوەندیەك هەبێت. وەك ئەم جۆرە پەیوەندیانەی خوارەوە:**

١- پەیوەندی گشت بۆ بەش:

أ- هێنانی گشت بۆ بەش: لەم جۆرە یەكێك لە واتاكانی وشە كە بەشێكە لە واتاكەی تری، واتای كەرتەكە بەهۆی دەوروبەرەوە دێتە ئاراوە، بۆ نموونە وشەكانی (دەرگا، پەنجەرە، خانوو...هتد) هەر یەكەیان دوو واتا یان زیاتریان هەیە، بەو پێیەی جارێكیان واتای هەموو شتەكە دەگرێتەوە، جارێكی تر بەشێكیان دەگرێتەوە. ئەم بەش گرتنەوەیەش بەهۆی دەوروبەرەوە هاتووە، كە دەكرێ لە ڕێی بەراوردكردنی ئەم ڕستانە دەربكەون:

أ ـ خانووەكەی كڕی.

ب ـ خانووەكەی بۆیە كرد.

وشەی (خانوو) لە (أ)دا بە واتای (هەموو بیناكە) دێ، كەچی وشەی (خانوو) لە (ب) دا بە واتای (دیوی دەرەوەی بیناكە)دێ (سازان رضا، ٢٠٠٥: ٤٦).

أ- پەنجەرەكە تەواو نەبووە.

ب- پەنجەرەكەی شكاند.

وشەی (پەنجەرە) لە (أ) دا بە واتای (هەموو پەنجەرەكە) دێ، كەچی وشەی (پەنجەرە) لە (ب) دا بە واتای (شوشەكەی) هاتووە.

ب ـ هێنانی بەش بۆ گشت وەك: ئەم پەیوەندیە وەك پەیوەندی (دەست) وایە بە (لەشەوە)، یان پەیوەندی (تایە) بە (ئۆتۆمۆبێلەوە). ئەوەی ئاشكرایەو لەگرتنەوەی جیا دەكاتەوە ئەوەیە، كە (دەست) جۆرێك نییە لە (لەش)، بەڵكو بەشێكە لەش، وەك:

دوو كەسم بینی.

واتە دوو دەم و چاوم بینی.

یان، وەك: بڕۆ دەموچاوت بشۆ. واتە بڕۆ(دەست، چاو، دەم، لوت ...هتد)بشۆ. (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٠: ١٨٤).

٢ ـ پەیوەندی ناو و ناوەڕۆك:

أ ـ هێنان و ناو بۆ ناوەڕۆك وەك:

ـ كتلی (ئاوی ناو كتلیەكە) دەكوڵێ.

ب ـ هێنانی ناوەڕۆك بۆ ناو وەك:

ـ وریابە بۆنەكە (شوشەی بۆنەكە) نەشكێنی.

ـ ئاگاداربە پیاڵەكە (چای ناو پیاڵەكە) دەرژێ.

٣ ـ پەیوەندی پەیوەست و پەیوەستراو:

أ ـ هێنانی پەیوەست بۆ پەیوەستراو، وەك:

ـ ئازاد گڕگی (تا) لێ بوو.

ـ شیرین كەفی هەڵدا (فای گرت).

ب ـ هێنانی پەیوەستراو بۆ پەیوەست، وەك:

ـ مۆسیقایەكە (كەمانجە، شمشاڵ، عود، ... هتد)خۆش بوو.

٤ ـ پەیوەندی ناو و ئاوەڵناو، وەك:

ـ بڕۆ قەڵەوە بێنە.

٥ ـ دیارخەر و دیارخراو، وەك:

ـ پەنجەرەکەت شکاوە. واتە( پەنجەرەی ژوورەکەت شکاوە.)

ـ قەڵەمەکەتی برد. واتە (قەڵەمەکەی تۆی برد.)

٦ ـ پەیوەندی هاوسێیەتی، وەك:

ـ ((من سبەی دەچمە تاران (ئێران).))، (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٠: ١٨٥).

٧ ـ پەیوەندی هاودژی، وەك:

ـ باوەژنەکە لێدانێکی باش (خراپ)ی لە منداڵەکەدا.

ـ بەخوا پیس (چاك) بەربوومەوە.

٨ ـ پەیوەندی گشتی و تایبەتی:

أ ـ هێنانی گشتی بۆ تایبەتی:

ـ مەم و زین (دوو ئەویندار) هاتن.

ب ـ هێنانی تایبەتی بۆ گشتی:

ـ عێراق (عەلی کیمیاوی) هەڵەبجەی کیمیا باران کرد.

ـ گوڵ (یار) هات.

ـ ئەمریکا (سەرباز و پلانی ئەمریکا)عێراقی ڕزگار کرد.

٩ـ پەیوەندی ڕەگەزی، وەك:

ـ ((دەبڕۆ زێڕەکانت (بازن، ملوانکە، گوارە ... هتد) بهێنە.

ـ دەبڕۆ جلەکانت (کراس، پانتۆڵ، قات ، ... هتد) بشۆ.))، (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٠: ١٨٥).

**٢ـ٢ـ٢خواستن (الاستعارە)**

خواستن ئەوەیە وشەیەك لە ڕستەدا بۆ واتایەکی تر جگە لە واتای دروست و فەرهەنگیەکەی خۆی بەکاربهێنرێ بەو مەرجەی پەیوەندی لە نێوان واتا دروست و خوازراوەکە لێکچواندنبێت لە(شێوە یاخود ئەرك) و نیشانەیەك هەبێ کە مەبەستی واتای خواستراوی وشەکەیە نەك واتا دروستەکەی.

خواستن، بریتییە لە هەڵبژاردنی هێمایەك بەپێی لێکچونی واتای لە شێوەی هێمایەکی تر لەسەر تەوەرەی ستوونی (عبدالسلام نجم الدین، ٢٠٠٨ : ١٤٦). خواستن لادانە لە یاسای زمان. خواستن ئەگەر هەڵقولاوی پێوستیەکان بێت، ئەوا هیچ زیانێك بە زمانەکە ناگەێنێت، دیاردەیەکی سروشتیە، نیشانەی دواکەوتووی زمان ناگەێنێت، بەڵکو بە زمانێکی زیندوو دەژمێردرێت، هیچ گەلێکیش بە تێکەڵاوی چەند وشەی بێگانە لەزمانەکەیدا توشی هیچ زیانێك نابێ و توشی نەبووە (هەژار، ١٩٧٤: ٢٨٥).

نموونە، شێرێکم دی چەکی لەخۆی دابوو مەیدانی دەخواست. لێرەدا (شێر) بۆ (پیاوی ئازا) خواستراوە. ئەگەر چاوێك بە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبە کوردیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بخشێنین وسەیری وشە عەرەبیە خواستراوەکان بکەین، لەگەڵ ڕێژەی وشە عەرەبیە خواستراوەکانی ئێستا بەراوردیان بکەین، کە لەلایەن نوسەر و

ڕۆژنامە نوسانەوە بەکاردەهێندرێت، گۆڕانێکی بەرچاو بەدی دەکرێت. ئێستا لە جیاتی وشەکانی (وەزن وقافیە و بەیت و شعر ...هتد)، وشەی کوردی پەتی بەکاردەهێنرێ، وەك: (کێش و سەروا، دێر و هۆنراوە ... هتد).

خواستن لە زماندا دیاردەیەکی سروشتی یەو لە توانای هیچ کەسێك دانییە، تەنانەت دەسەلاتیش ناتوانێت بێتە ڕێگر لە هاتنەناوەوەی وشە بۆناو زمانی خۆماڵی.

خواستن پێویستیەکی سروشتییە لە بارودۆخێکی کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و زانستیەوە سەریهەڵداوە و جا لەهەر ئاستێکی زمان (دەنگسازی، وشەسازی، واتاسازی) بێت، سا خواستن بە ئارەزوو بێت، یان سەپێنراوبێت.

هەروەك چۆن چەندین وشەی خواستراو لەزمانی کوردیدا دەبینین، کە لە زمانەکانی تر بە تایبەتی عەرەبی، تورکی، فارسی وەریگرتووە، بەهەمان شێوەش هەندێ وشەی ڕەسەنی کوردیش لە فەرهەنگی نەتەوەی زمانەکانی تر جێگیر بووە، بۆ نمونە: زمانی عەرەبی وشەی (المروج )ی لەو (مێرگە)کوردییەوە خواستراوە، یان وشەی (خندق)ی لە وشەی (کەندەر) فارسیەوە خواستوە، هەروەها وشەی (زفاف)ی لە وشەی زەماوەندی کوردیەوە وەرگرتووە .بەم شێوەیە: (زەماوەند، زەڤاڤەند، زەفافە، زەفاف، زفاف)، کە بە واتای (شەوی بوکێنی دێت)، هەروەها زمانی تورکیش وشەی (زۆر)ی لە کوردیەوە وەرگرتووە هەر بەواتای (زۆر) بەکاریدەهێنێ (جەمال نەبەز، ٢٠٠٨: ٦٤).

**٢ـ٢ـ١ تایبەتییەتی وشەی خواستراو**، وشەی خواستراو دەبێ دوو تایبەتی تێدا بێت:

١- لەڕووی شێوەوە لەیەك بچن:

پێوستە لەنێوان واتای ڕاستەقینەو خوازراوەکە لە ڕووی شێوەوە لەیەك بچن. بۆ نموونە: (رووی مێز) لە شێوە لە (رووی مرۆڤ) دەچێ، (سەری مەنجەڵ) لە رووی شێوەو شوێنەوە لە (سەری مرۆڤ) دەچێ، (ملی شوشە) لە شێوە لە (ملی مرۆڤ) دەچێ، (لوتی کەشتی) لە شێوە لە (لوتی مرۆڤ) دەچێ ...هتد (عەبدوڵڵا عەزیز، ١٩٩٠ : ٧٦).

٢- لە ڕووی لێکچونی ئەرکەوە وەك یەك بن:

پێوستە لەنێوان واتای ڕاستەقینەو خوازراوەکە لە ڕووی ئەرکەوە لەیەك بچن، وەك: (ددانی مشار، دەمی چەقۆ، دەسکی دەرگا ...) لە ڕووی ئەرکەو ەلە (ددانی مرۆڤ، دەمی مرۆڤ، دەستی مرۆڤ) دەچن، یان (باڵی فرۆکە) لە (باڵی باڵند)ەوە گواستراوەتەوە (ساکار ئەنوەر، ٢٠٠٩: ٥٥).

گرنگە بزانین، کە هەندێك جار ئەرك و شێوە تێکەلاو دەبێت، بۆ نموونە: ددانی مشار، یان پێی کورسی لە هەردوو سیفەتەکە واتە لەڕووی (ئەرك و شێوە)ش لە پێ و ددانی مرۆڤ دەچێ.

( ئۆڵمان ) جۆرێکی تر دیاریدەکات، کە لێکچونە لە هەست و نەست، وەك: سلاوێکی گەرم، یان بەساردی سلاوەکەی وەرگرتەوە ...هتد (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٠ : ١٨٣).

**٢ـ٢ـ٣ تەسکبوونەوەی واتا:**

تەسکبوونەوەی واتا، وەك زاراوەیەکی لێکدراو لە بنجدا بەشێوەی (تەسکبوونەوەی مەودای واتا)یە، بەلام لەبەر هۆکاری کورت دەربڕین وشەی (مەودا) وەلاوەندراو بوو بە (تەسکبوونەوەی واتا). هەندێك زمانەوان دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا بە (تایبەت بونی واتا)(تخصص المعنا) ناو دەبەن (احمد مختار، ١٩٨٢: ٢٤).

لەبەر هۆکاری مێژووی، زمانەوانی، کۆمەلأیەتی، واتایەکی گشتی وشە بەرەو گۆڕانی تەسکبوونەوەی واتا دەچێت (داود علمی السيد، ١٩٧٦، ٢٦٣)، واتە وشەیە یا مۆرفیمێك چەند واتایەکی جۆر بەجۆری گەیاندووە، پاشان لەبەر چەند هۆکارێك هەندێ لەواتاکانی لەدەست داوەو ئێستا هەڵگری واتایەکە لە زماندا، وەك: (شین) کە پێشتر بە ڕەنگە تۆخەکان وتراوەو جگە لەمەش ببووە کەلتورێك کە بریتی بوو لە لەخۆدان و پرچ ڕنینەوەی ئافرەت لە کاتی لە دەستدانی کەسێکی ئازیز، بەلأم ئێستا تەنیا بە واتای ڕەنگی (شین) ماوەتەوە (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٠: ١٨٢).

تەسکبوونەوەی واتا دیارییکردنی قەوارەی واتاو بە تایبەتیی دەقەکانی بەکارهێنانەکەیەتی، بۆ نموونە(چرا) بۆ ناولێنانی هەموو چرایەك و بۆ گلۆپی کارەباییش بەکار دەهێنرا، کەچی ئەمڕۆ بەزۆری پەیوەستە بە چراوە. ئەمیان تایبەتبوونی قەبارەی واتا نوێیەکە بەرانبەر بە واتا کۆنەکە (محەمەدی مەحویی، ب٢، ٢٠٠٩: ٨٣).
بۆ نموونە وشەی (نان) لە بنەڕەتدا وەك لەهەندێ فرێزدا دەردەکەوێ بە واتای فراوانتر بەکارهاتووە و هەموو جۆرە خواردنێکی گرتۆتەوە (محمد معروف، ١٩٨٧: ١٠١). وەك لەم نموونانەی خوارەوە بەرچاو دەکەوێت:

- نانی بڕی.
- نان و نمەك دەتگرێت.
- نانی کەوتۆتە ڕونەوە.
- نانی پێ پەیدا ناکرێت.

شان بەشانی ئەم واتایە فراوانە واتای ئێستا وشەی (نان) بە واتای (کولێرە و نانی تیریش) دێت. وەك لەم بەکارهێنانە دەردەکەوێت:

- منداڵەکەی نارد نان بکڕێ.
- ئەم نانەمان بۆ تەڕبکە.
- نانەکە وورد نەکەی. (محمد معروف، ١٩٨٧: ١٠١).

تا دیاردەی فراوانبوونی واتا ڕوونەدات دیاریدەی تەسکبوونەوە ڕوونادات. تەسکبوونەوەی واتا بریتییە لەو هەڵکشان و داکشانەی واتا، کە هەندێ لە مۆرفیم و وشە و فرێز لە زماندا پێیدا تێپەردەبن، پاشان لەبەر چەند هۆکارێك لەسەر یەك واتا یان زیاتر دەگیرسێتەوە (فەتاح مامە، ٢٠٠٧: ٢). هەڵکشانی واتا فراوانبوونی واتایە، چونکە هەڵکشان بەرەو سەرەوەیە، واتە فراوانبوون و زیادکردنی واتایە، بەلأم داکشان تەسکبوونەوەی واتایە، چونکە لە دەستدانی واتایە، هەروەها لەو پێناسەیە باسی گواستنەوەی واتا لە مۆرفیم و وشە و فرێز کراوە، بەلأم زیاتر وشەو مۆرفیم لەچاو فرێز بەو هەڵکشان و داکشانەدا تێپەر دەبن، لەبەر ئەوەی مۆرفیم و وشە یەکەی سیمانتیکین، بۆیە زیاتر بە هەردوو ئاراستەی فراوانبوون و تەسکبوونەوەی واتا تێ دەپەڕن، چونکە زۆرجار واتا خۆی هۆکاری لە ناوچوون و نەمانی وشەیە. بۆ نموونە: وشەی (ئاگرباران) لەکۆندا جۆرە قوماشێکی ڕەنگ سوری تاریك بووە بۆ ڕووی پێشەوەی سەڵتەی ژنان بەکارهاتووە، ئێستا ئەم قوماشە نەماوەو واتاکەی لەدەست داوەو، بەلأم ئێستا وشەی (ئاگر باران) بە واتای (شەرە تفەنگ و گەرمای زۆر بەتین) بەکاردێت. یان وشەی (هەرێم) بە واتای ناوچە بەکاردێت ، بەلأم پاش دروستبوونی (هەرێمی کوردستانی عێراق) وشەی (هەرێم) واتاکەی تایبەت دەبێت بە (اقلیم).

**٢ـ٢ـ٣ـ١ هۆیـەكانی دروسـتبوونی دیـاردەی تەسكبوونەوەی واتـا:**

١ـ دیاردەی تەسكبوونەوەی واتا كاردانەوەیەكە دژی دیاردەی فراوانبوونی واتـا، چونكە تـا دیـاردەی فروانبـوون ڕوونەدات تەسكبوونەوە ڕوونادات.

٢ـ هۆكارێكی تری دیاردەی تەسكبوونەوەی واتا، دروستبوونی هاوسەنگییە لە نێوان وشـە و مـۆرفیم و زاراوەكـان، چونكە ئەگەر یەك وشە شەش واتای درایە پاڵ و واتاكانی هەر بەرەو زۆربون بچن ئەوا هاوسەنگی نابێت، بـەڵام ئەگەر یەك وشە چەند واتایەك بگرێتە خۆی و لەلایەكیتریش بە تێپەڕبونی كات واتاكـانی بـەرەو تەسـكبوونەوە بچن ئەوا هاوسەنگی دروست دەبێت.

٣ـ پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا و هۆیەكانی بەرهەمهێنان هۆكارێكی تری تەسكبوونەوەی واتان، چونكە ئامێر و كەل و پەلی جۆراوجۆر بە ڕادەیەكی زۆر دێتە بەرهەم و ئەمانەش شوێنی ئامێر و كـەل و پەلـە كۆنـەكان دەگرنـەوەو دەبنە هۆی فەوتانی ئەو وشانەی كەپێشتر ناوی شـتەكان بـوون، بـۆ نموونـە: داهێنـانی ئـامێری (تراكتـۆر) بـووە هۆی لەناوچوونی پارچەو كەل و پەلی جوتكردن، وەك: (هەوجار، كۆپەڵان، نیر، ... هتد).

٤ـ تەسـكبوونەوەی واتـا هۆكارێكـە بـۆ كەمبوونـەوەی زیـادی لێڵـی واتـایی كـە لـە ئـەنجامی فراوانبـوونی واتـای دروستدەبێت.

٥ـ هۆكاری ئابوری و ڕاگواسـتن و شـۆرش هەڵگیرسـان، یـان كـاتێ بـۆ خۆپاراسـتن ناوچـەی شـەڕ بـەجێ دێڵن، كـە خاوەنی دیالێكتی تایبەتی خۆیانن بۆ ئەوەی لەگەڵ دیالێكتی ئەو ناوچەیە بسازێن كە ڕوویـان تێكـردوە، هەنـدی وشەی زاراوەكەی خۆیان وەلاوە دەنێن.

٦ـ یـان هۆكـاری كۆمەڵایـەتی و ئـابووری و زمانـەوانی دەبێتـە هـۆی دیـاردەی تەسـكبوونەوەی واتـا، واتـە هـەر لێكسیكەك لە زماندا پاش ئەوەی لەبەر ئەم سێ هۆكارەی سەرەوە بـەرەو فراوانبـوون دەڕۆن، هـەر لەبـەر هـەمان هۆكار بەرەو تەسكبوونەوەی واتا دەچن.

**٢ـ٢ـ٤ فراوانبـوونی واتـا (تەشەنەكردنی واتا، تەنینەوەی واتای):**

فراوانبوونی واتا، بەواتای تەشەنەكردن و تەنینەوەش دێت، لەزمانی عەرەبیدا (توسع المعنى)ی پێدەڵێن.

ـ فراوانبوونی واتا چییە ؟

ئەم زاراوەیە وەك هەر زاراوەیەكی تر گەلێ پێناسـەی بـۆ كـراوە لەوانـە: ((ماوەیـەی بـەكارهێنانی وشـە لـەباری جارانی فـراوانتر بێـت))، (احمـد مختـار، ١٩٨٢: ٢٤٣). واتـە ئـەو واتایـەی وشـەیەك هەیـەتی بێتـە هـەڵگری چـەند واتایەكی تر. یان مەبەست لە فراوانبوونی واتا ئەوەیە، وشەیەك واتایەكی تەسك یان تایبەتی هەبێت پاشان ئـەم واتایە ببێتە واتایەكی گشتی و فراوان.

فراوانبـوونی واتـا پێچـەوانەی تەسـكبوونەوەیە. لێـرەدا وشـەكە بـە تێپـەڕبونی كـات واتایـەكی فـراوانتر پەیـدا دەكات، دیاردەیەكی گەورەتر دەگرێتەوە، مەبەست لەمە ئەوەیـە كـە وشـەو دەربڕینـەكان جگـە لـەواتای ڕەسـەنی خۆیـان واتـایتریش بەشـێوەی سـتوونی و ئاسـۆی دەگرنـە خۆیـان، مەبەسـت لـە فراوانبـوونی ئاسـۆی ئەوەیـە، كـە بەشێوەی واتای دووەم و سێیەم و زیـاتریش دەخرێتـە پـاڵ، بـەڵام شـێوەی سـتوونی ئەوەیـە كـە مـۆرفیم و وشـە فراوان دەبن و بەرەو خوار دەبنەوە هەر لەبەرئەوە ناوی تەشەنەی ستونیان لێناوە.

لە كۆندا وشەی (جەژن) تەنها بۆ (جەژنی ئاینی) یان (جـەژنی نوێـژكردن) بـەكارهاتووە، بـەڵام ئێسـتا وشـەی (جـەژن) بـووە بـە وشـەیەكی گشـتی و بـۆ زۆر مەبەسـتی تـر بـەكاردێت، وەك: (جـەژنی لـەدایك بـوون، جـەژنی

نەورۆز، جەژنی کرێکاران، ... هتد)، یان وشەی (گەلا) بەواتای (گەڵای درەخت) بەکاردەهات، بەلام ئێستا بەواتای (پارە ـ دۆلار) بەکاردێ، وشەی (نوکە) بۆ (نوکە شەق و نوکەدەرزی و نوکەنوکی ژنان) بەکاردەهات، بەلام ئێستا واتای (نوکەی مۆبایل)یش دەگەینێ. یان بۆ نموونە، ناوی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بە واتاو ناوەرۆکی گوێزراوەتەوە بۆ ئەو چشت و کەرەسانەی، کە مرۆڤین یان مرۆڤی نین، وەك ( قاچ ) لە قاچی کورسیی داو (چاو) لە چاوی عەلادیین، (لووت) لە لووتکەو لووتی شاخ داو (باڵ) لە باڵی فڕۆکەدا...هتد. (محەمەدی مەحویی، ب٢، ٢٠٠٩: ٨٣).

بەشێکی زۆر لە وشەو مۆرفیمەکان هەڵگری واتای ئامێرو کەل و پەل وجل و بەرگ و ناوی خواردەمەنی و زاروەی تایبەت بەگوندنشینەکانن. ئەوانە ڕۆژگارێك لەناو کۆمەڵگا بەکارهاتوون، دوای ئەوەی سەردەمیان بەسەر دەچێت و وردە وردە لەناو زماندا نامێنن، یەکێ لەو ڕێگایانەی کە باوە بۆ بەدەستهێنانی واتا و زاراوەی تازە ئەوەیە، کە واتای تر بدرێتە پاڵ وشەو مۆرفیم سەرباری واتای ڕەسەنی خۆیان، یان بە ڕێگای زیندوکردنەوەی ئەو وشەو مۆرفیمانە، کە پێشتر واتاکانیان لە دەست داوە و چونەتە لیستی وشە مردووەکان. واتە فراوانبوونی واتا بەم جۆرەیە:

١ـ لەو وشەو مۆرفیمانەی کە هێشتا زیندوون و بەکاردێن.

٢ـ لەو وشەو مۆرفیمانەی کە مردوون و دووبارە زیندودەکرێنەوە بە هەمان واتا یان واتایەکی تر (محمد حسین، ١٩٨٣: ١٤٥).

### ٢ـ٤ـ١ـ٢ ئاستەکانی فراوانبوونی واتا:

١ـ تەشەنەکردنی واتا بەشێوەی ئاسۆیی:

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە ماوەی تەشەنەی واتا بەشێوەی ئاسۆی کورترە، لەماوەی تەشەنەکردنی واتا بەشێوەی ستوونی، چونکە ئەم جۆرە بەگۆڕانی مۆرفۆلۆجی دێتەکایەوە، وەك:

ـ ڕەشکە: دانەوێلەیەکی ڕەشی وردە.

ـ ڕەشکە: شەڵتەی کاکێشان.

٢ـ تەشەنەکردنی واتای بە شێوەی ستوونی:

تەشەنەکردنی واتا بەشێوەی ستوونی واتە تەشەنەکردنی واتا بەشێوەی عامودی، بۆ نموونە وشەی( بڕین): زامداری کردن بەهۆی ئامێری تیژەوە. دەبێتە هۆی جیابوونەوەی پێست و بۆشای دروستدەبێ ئەم جیابونەوەیە زۆر گرنگە، چونکە بە هۆیەوە دەیەها واتای تری لێ تەشەنە دەکات.

بڕێ (بڕێك): کەمێ، تۆزێ، لێرەش دیاردەی جیابونەوەکە دروستبووە.

بڕانەوە: واتە کەسیان نەماوە. دیسان جیابونەوە دروستبووە.

بڕبڕەی پشت: ئێسقانەکان لەیەکتر جیاکراونەتەوە.

بڕە بڕە: کەم کەمە، شتەك بەش بەش بکرێت.

دەبڕێ: بۆ کاردی نەکولاو بەکاردێ.

**٢-٢-٤-٢ هۆیەکانی دروستبوونی فراوانبوونی واتایی:**

**١. هۆکاری مێژووی:**

ڕۆژگار تا بەرەو پێشەوە بچێت فراوانبوونی واتا زیاتر دەردەکەوێت، وەك : (شاخ) شاخ و داخ ـ کەڵە شاخ ـ شاخی مامزی کێوی ـ شاخی ئاژەڵی تر ـ شاخی ئاژەڵ وەك قودوی ئێستا بوە ڕونیان تێدا بردۆتە سەر کێلگەو لە هەسانیان داوە ئامێری داسیان پێ تیژکردۆتەوە.

**٢ـ بارودۆخ:**

زۆرجار لەبارودۆخێکی نالەبار فراوانبوونی واتایی ڕوودەدات ، وەك (سیخور) ناوی گیانلەبەرێکە، بەلاّم لەبەر بارودۆخی نالەباری کورد بە واتای (پیاوانی ئەمن) بەکارهاتووە .

**٣ـ خستنەپاڵ :**

زۆر جار بۆ بەدەستهێنانی زاراوەی تازە پەنا دەبەینە بەر وشەو مۆرفیمی هەمان زمان و سەرباری ئەو واتایەی کە هەیەتی واتایتریشی دەخەینە پاڵ. وەکو (تان و پۆ) بە واتای ڕایەڵەی ئەو بەنانە دێت، کە لە تەونکردن بەکاردێت، دواتر بەپێی خستنە پاڵ (تان و پۆ) لە بیرکاری بەکارهات.

**٤ـ زیندوکردنەوەو گیان بەبەرداکردنەوەی دوبارەی واتای وشە مردووەکان، وەك:**

گورز ئامێری جەنگ لە کۆندا ـ گورز بۆ یاری کردن ـ گورز بۆ جەنگی ئەمڕۆ (زیندوکردنەوە واتا مردووەکە).

**٥ـ هۆکاری ئەدەبی:**

ئەدەب بەگشتی و شعر بە تایبەتی لەو هۆکارانەن کە فراوانبوونی واتای لێدەکەوێتەوە.

(نالیی) دەڵێت:

کەس نەکا مەنعی گوڵم گەرچی دڵی کردوومە خوێن
چونکە مەعلومە کە ئیشی خونچە هەر خوێن خۆرییە

(گوڵ) خوازراوە بە مەبەستی (یار) (عەزیز گەردی، ١٩٧٢: ٨١).

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

لێفەی شڕ ئەکۆکێ و ئەکۆکێ
دۆشەکی بێ هەناو هەناسەی خەونێکی ئەتاسێ (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٥: ٣٤).

لێفە شڕە، شت و مەکی بەخۆدادانە، ئەگەر کۆن و بێکەڵك بووبێت، شاعیر سودی لەم دیاردەیە وەرگرتووە، وێنەیەکی میتافۆری پێ دروستکردووە، سیمای بەکەسکردنی پێداوە.

لێفەی شڕ، میتافۆرێکە بۆ کەسێکی پەککەوتە یان نەخۆش خواستراوە، دەستەواژەی (ئەکۆکێ)، وەك نیشانەیەك وایە، ڕێگە لەوە دەگرێت، کە ئاخێوەر مەبەستی لە بەکارهێنانی (لێفە شڕە)دا، واتا بنجیەکە بێت.

دۆشەکی بێ هەناو، میتافۆرێکە بەهۆی گواستنەوەی واتایی لە (+ گیاندار)ەوە، بۆ (- گیاندار)دروست بووە، هەناو لە بنەڕەتدا سیمای گیانلەبەرە، شاعیر داوەتی بە دۆشەك. جگە لەمە، هەندێك جار وەك میتافۆریش بەکاردێت لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، قسەکەر لەکاتی ترس، یان بارودخێکی نالەباردا بەکاریدەهێنێت.

**٢-٢-٥ بەرزبوونەوەی واتا:**

لێرەدا وشەیەك لەسەرەتادا واتایەکی خراپی گەیاندووە، پاشان ئەو وشەیە وازی لە واتا خراپەکەی هێناوەو واتایەکی باشی وەرگرتووە. بۆ نموونە: وشەی (شۆخ) لەکۆندا بە واتای (بێحەیا) بەکارهاتووە، بەلاّم ئێستا

واتایەکی باشی بۆ خۆی وەرگرتووە بەواتای (جوان) دێت (محمد معروف، ١٩٨٧: ١٠٢)، هەروەها وشەی (شەیدا) لەکۆندا بەواتای (شێت) بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا بە واتای (عەشق) بەکاردێت هەروەك دەڵێن (شەیدای نیشتمان بوو).

**٢-٢-٦ نـزمبـوونـەوەی واتا:**

پێچەوانەی بەرزبوونەوەی واتایە و کاتێ ڕوودەدات، کە وشەیەك واز لە واتایەکی بەرز و باش، یان بێلایەن بێنێ بە تێپەڕبوونی کات واتایەك وەرگرێ کە سوکی و رسوای بگەیەنێ (عبدالقادر عبدالجلیل، ٢٠٠٦: ٣٤٤). یان وشەی (بۆر) کە لە وشەی (بۆرە پیا و یان بۆرە سوار)دا دەبینرێ لە بنەرەتدا واتایەکی بێلایەنی هەبووە، واتە نە باش نە خراپ، بەڵام ئێستا ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا بە مرۆڤێکی بێبەها دەوترێت، هەروەها وشەی (ئۆمەر) لە ناوێکی تایبەتی بێلایەن گۆڕاوە بۆ سیفەتی خراپ، کە بە پیاوی ترسنۆك و ژنانی دەوترێت (عەبدولواحید مشیر، ٢٠١٠: ١٨٦).

**٢-٢-٧ تـابـۆ بـوون:**

تابۆ وشەیەکی کۆنی لاتینییە، مەبەستی (گوتنی نەشیاو و قەدەغەکراوە)، مەبەستمان لەو وشەو زاراوە و دەربڕینانەیە، کە لەناو کۆمەڵگا ڕێگای پێنادرێت، چونکە لەگەڵ سروشت و ڕەوشت و داب و نەریتی کۆمەڵگا ناگونجێت. چەند ڕەگەزێك بەژداری تێدا دەکات، وەك: داب و نەریت، ترس، سێکس، ئاین، نەخۆشی و مردن، ...هتد، بەڵام گرنگە بزانین هەموو کۆمەڵگاکان وەك یەك سەیری تابۆ بوون ناکەن، بەڵام لەوانەیە لە هەندێك سیما هاوبەش بن. ((تابۆ بریتییە لەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە قەدەغەکراوانەی کە هەمیشە کاردەکەنە سەر ژیانی ڕۆژانە. ئەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەش لە بابەتەکانی تابۆوە سەرچاوە دەگرن، کە بریتین لە: (لەشولار)و ئەو شتانەی لێوەی دەردەچن، وەك (ئارەق، پیسایی، خوێنی سوری مانگانە، ...هتد) و ئۆرگانەکان و کردەی سێکسی و میز و با و نەخۆشی و مردن و کوشتن و ناو و ناوتۆرە، دەستبازی، چۆنیەتی تێڕوانین لە خەڵك و شتە پیرۆزەکان، هەندێك شت و شوێنی تایبەت ...هتد.))، ( شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ٥٩).

دیمەنێکیتری گواستنەوەی واتا پەیوەندی بە باری دەرونی و هەڵچونەوە هەیە. ئەم دیاردەیەش بە ڕوونی لەو ناوانەدا دەردەکەون، کە لە زماندا پێیان دەوترێت وشەی (تابۆ) لە زۆر کۆنەوە خەڵکی ئەو هێزو قودرەت و گیانلەبەرانەی کە پیرۆزبوون لایان، یان سەرچاوەی مەترسی بوون بۆیان. سڵیان لە ناوبردنی ڕاستەقینەیان کردۆتەوە و وایان بەباش زانیوە، کە بە وشەیتر ناویان بەرن، بەمە باوەڕیان وابووە و گوایە کە ڕێزیان لێدەگرن و دڵیان ڕادەگرن، یان لە کینەو پەلامارو رق هەڵسان و ئێش و ئازار پێگەیاندنیان بۆسەر خەڵکی بە دوور دەبن، واتە ئەگەر ناوە ڕاستەقینەکانی ئەو هێزو قودرەتانە بەرن لە هەموو حاڵەتێکدا باشیان بۆ نایەت و توشی خراپە دەبێ (عەبدوللا عەزیز، ١٩٩٠: ٦٩). وەك (سورێژە)یان بە (موبارەکە) ناوبردووە، یان بۆ (مردن) چەندین دەربڕینی وەك (ئەمری خوای بەجێهانا، کۆچی دوایی کرد، دەستی لە دونیا شوشت، قەزاو بەڵای برد، ... هتد) بەکارهێناوە.

**٢-٢-٧-١ جۆرەکانی تابۆ:**

ئەگەر لە وشە هەست دەربڕە زبرەکانی زمانەکەمان وردببینەوە پەیوەست بە بارودۆخە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، دەتوانین پێنج جۆری سەرەکی لە تابۆ دیاری بکەین، کە بریتین لە:

**١- تابۆی ئاینیی:**

لەناو هەر میللەتێکدا بەهاو ڕێسا ئاینییەکان، وەك پێکهاتەیەکی کلتوری میللەتەکە پێگەیەکی بەرچاوی لەناخی تاکەکانی ئەو میللەتەدا هەیە. لەم ڕوانگەیەوە کارکردن بە پێچەوانەی ئەم بەها ئاینییانەوە، تاك دەخاتە ژێر پرسیارەوە و وتەکانی بە گومان و ناچیزەییەوە لەلایەن کۆمەڵەوە لێوەردەگیرێت (شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ٧٣).

تابۆی ئاینی ئەو وشانەن، کە ئاین ڕێگەی پێنەداون بە تایبەتی ئەو وشانەی کە لایەنی ڕەگەز و سێکس دەگەینن، بەجۆرێکی تر دەردەبڕدرێن، وەك:

(کافر، بێ ئیمان، سوخۆر، فاسیق، زیناکەر، ...هتد)

بۆ نموونە، وشەی (زیناکردن) کردەوەیەکی نەشیاوی مرۆڤمان بۆ دەخاتە ڕوو، بەو واتایەی کە پێویستە پیاو و ژن بەپێی پیرۆزی پرۆسەی هاوسەرگیریی کردەی سێکسی لەگەڵ یەکتردا ئەنجام بدەن، کە سەرجەم ئایینە ئاسمانییەکان هاوڕان لەسەر حەرامکردنی زیناو دوا ئاینییش، کە ئاینی ئیسلامی پیرۆزە قەدەغەی کردووە و مرۆڤی ئاگادار کردۆتەوە لە ترسناکی ئەو لێکەوتانەی لە زیناکردن دەکەوێتەوە، وەك: تێکەڵبوونی نەژادی وەچەکان و تێکچوونی پەیوەندی هاوسەرگیری و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گواستراوەکان.

**٢ ـ تابۆی نەخۆشی و مردن:**

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی، کە سەردەمانێکی زۆرە مرۆڤ گیرۆدەی بووە، بابەتی (نەخۆشی و مردن)ە. بۆیە دەبینین لەناو کلتوری میللەتانی جیهاندا بەگشتی و لەناو کلتوری کوردەواریدا بەتایبەتی ئەم بابەتە جێی تێڕامانە. تابۆی نەخۆشی و مردن، کە لەبەر ترس لە چاوەزار یان نەخۆشی، یان هێزێکی بەرجەستە یان مەعنەوی، بەشێوازێکی تر دەوترێن ئەمەش گۆڕانی واتایە بەهۆکاری دەروونی، بۆیە وشە سەرەکییەکە ناوترێت و وشەی تر بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە (سیل، سورێژە، ئایدز، دەردەکۆپان، تاعون، کۆلێرە، گەڕی، مردن، جنۆکە،...هتد)، (شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ٧٤). وەك: زۆر جار لە جیاتی وشەی جنۆکە وشەی (لەمە چێتر)بەکاردەهێنرێت، یان لەجیاتی نەخۆشی شێرپەنجە وشەی (دەردە پیسەکە) بەکاردێت.

**٣ ـ تابۆی سێکسی:**

لەم بوارەدا، لەبەر ئەوەی وشە بنەڕەتییەکان، پەیوەستن، بە ئەندامانی زاوزێ و لایەنی سێکسییەوە، وشەی تریان بۆ بەکاردێت. وەك: وشەی (سینگ)، لەبری (مەمك) بەکاردێت، دەستەواژەی (لەدایکبوون)، لەبری (زان) بەکاردێت، وشەی (لەشفرۆش)، لەبری (قەحپە) بەکاردێت،...هتد.

**٤ ـ تابۆی بێڕێزی:**

کاتێك بەها کلتورییەکان دەبنە پێوەر بۆ نەشیاوی دەربڕاوە زمانییەکان، ئەوا بەکارهێنانی ئەم دەربڕاوانە لەلایەن قسەکەرەوە جۆرە بێڕێزییەکی بەرانبەر بە گوێگر تێدایە. جا لەڕووی بێڕێزی بێت دەربارەی: تەندروستی، جنێودان و هێنانی ناوی ئاژەڵەکان، یان کەمکردنەوەی بەهای مرۆیی مرۆڤەکان. بەم پێیە بێت

دەبێت: بەکارهێنانی هەندێك وشەی وەك: (کەر، گوو، ئاودەست،...هتد) کە بەرانبەر ئەوانە وشەی دیکە دانران و دەربڕینیان تابۆ نییە، وەکو (گوێدرێژ، پاشەڕۆ، تەوالێت یان دەست بەئاو گەیاندن...هتد).

٥ ـ تابۆی شوێن ـ کات ـ ژمارە:

ئەم دیاردانەی ژیانی مرۆڤ کە ڕوانگەیەکی شوێنی، پیرۆزی، قەدەغەییان وەرگرتووە. ئەم ئاراستەیە لە بیرکردنەوە مرۆڤی بەرەو ئەوە بردووە وردتر بڕوانێت بۆ (شوێن ـ کات ـ ژمارە) جۆرە تابۆیەکیان لەخۆ گرتووە، کە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە بۆنەیەکەوە بۆ بۆنەیەکی تر دەگۆڕێت. لێرەدا هەوڵدەدەین ڕوماڵی هەرسێ تابۆی (شوێن ـ کات ـ ژمارە) لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بخەینە ڕوو:

أ ـ شوێن : بەهێندەی خودی ژیان (شوێن)ی ژیان بەلای مرۆڤەوە گرنگ بووە، هەر بۆیە مرۆڤ و کۆمەڵگا هەندێك شوێنی پیرۆز کردووە و هەندێك شوێنی تریش ناچیزە. پیرۆزی و ناچیزەیی شوێنیش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە کۆمەڵگای کوردەوەریدا، لە چەمکەکانی (سەر قەبران، دۆڵ، چەم، گرد...هتد) ورد ببینەوە، دەبینین بەکارهێنانیان لە ئاخاوتندا پەیوەست بە بارودۆخی زمانی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە جۆرە قەدەغەییەك لەخۆ دەگرن و وەك چەمکی تابۆ دەردەکەون. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لەم ڕستانەی خوارەوە ڕابمێنین:

١ ـ پێ بە قەبرەکاندا مەنێ.

٢ ـ بە گۆڕی ئەژداد و ئابادیا چووە خوارەوە.

٣ ـ پیسی چەپەڵی وا داوای ژوانی سەر قەبران دەکات.

ئەگەر لە ڕستەکانی (١ ـ ٢ ـ ٣) ورد ببینەوە، دەبینین، کە لە ڕستەی یەکەم پیرۆزی قەبرستان نیشان دەدات. پێشێلکردنی لە لایەن خەڵکییەوە وەك تابۆیەك سەیر دەکرێت. لەکاتێکدا کە لە ڕستەی دووەم و سێیەمدا حورمەتی شوێنەکە شکێنراوە، لە ڕستەی دووەمدا بریتییە لە جنێودان بە گۆڕی باب و باپیری، لە ڕستەی سێیەمیشدا بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەستنی ژوان لە شوێنی پیرۆزی سەر قەبران (شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ٨٩).

ب ـ کات:

باوەڕی مرۆڤ بۆ کات باوەڕێکی شێلگیرانەیە، هەر بۆیە ڕوودانی ڕووداوەکان و کاتی ڕوودانیان، هەروەها جێبەجێکردنی کاتی ڕووداوەکان لای مرۆڤ بەهەند وەرگیراوە، زۆر جار ئەم بەهەند وەرگرتنە بنەمایەکی زانستی نییە و دەکەوێتە قالبی تابۆوە (شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ٩٢)، بۆ نموونە:

١ ـ بەم هەینییە خۆت گوناهبار مەکە.

٢ ـ بەم ڕەمەزانە خواردنەوەی چی؟!

ئێستا ئەگەر لەم دوو ڕستەی سەرەوە ورد بینەوە دەبینین ئەوەی چەمکی کاتی لەخۆیاندا هەڵگرتووە پیرۆزی ڕۆژی (هەینی ـ ڕەمەزان) بۆتە هۆی ئەوەی، کە جێبەجێکردنی کردەی مەی خواردنەوە و هەر کردەیەکی تر ناچیزە، لە ڕوانگەی ئاینیی و کۆمەڵایەتییەوە بە قەدەغە و تابۆ هەژمار دەکرێت.

پ ـ ژمارە:

ژمارەی ڕوودانـی ڕووداوەکـان، ئەگـەر لـە شـوێن و کـاتی ڕووداوەکـان گـرنگتر نـەبێت، ئـەوا بـە هێنـدەی ئـەوان گرنگە، چونکە هەندێك لە ژمارەکان ئاماژە دەدەن بە ڕۆژی ڕوودانی ڕووداوە شومەکان، هەندێکی تریشیان وەکو هێمایەك ئاماژە دەدەن بە شوێنە تابۆیەکانی جەستەی مرۆڤ و کردە سێکسییەکان. وەکو:

ـ لە ڕەشبگیرییەکەی (١٩٦٣)ەوە سەری خۆی هەڵگرتووە.

ـ ناوچاوانی سیانزەیە.

ژمـارە (٦٣ و ١٣) لـە ڕسـتەکانی سـەرەوە سـەرنج ڕادەکێشـن، ژمـارە (٦٣) هێمایەکـە بـۆ ڕووداوێکـی دڵتـەزێنی مێژوویی کە ڕەشبگیرییەکەی شاری سلێمانییە، هەر بۆیە ئەم ڕێکەوتـە (١٩٦٣) وەك هێمایـەك بـەکاردێت بـۆ ئـەو ڕووداوە. ژمارە (١٣) هێمایەکە بۆ ئەو کەسانەی شەنس و بەختی باشیان لە ژیاندا نییـە، دیـارە ئـەم بۆچوونەش بۆ ئەم ژمارەیە لە باوەڕێکی ئەفسانەیی کۆمەڵـەوە هـاتووە، کـە ڕەنگـە لـە ئێسـتادا وەك بۆچـوونێك مابێتـەوە و بەردەوام لە هزری ئاخێوەرانی کۆمەڵگاکەماندا ئامادەگی هەیـە و بـەبێ ئـەوەی سەرچاوە و بنەماکـەی بزانرێـت (شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ٩٤).

**٢ـ٢ـ٨ مـــردنی وشـــە:**

وەك لـەوە پـێش لـەفراوانبوونی واتـا باسـی مردنـی وشـەو دوبـارە زیندوکردنـەوەو گیـان بەرداکردنـەوەی وشـە بەهەمان واتا یـان واتـای جیـاواز کـرد، دەورێکـی سـەرەکی هـەبوو لـە دەوڵەمەنـدکردنی فەرهـەنگی نەتەوایـەتی. لەکارکەوتن و نەمانی وشە کارێکی گرانەوە یەکسەر ڕوونـادات، بـەڵکو لەسـەرخۆ دەبێـت. دوای ئـەوەی لـە ڕێگـای هۆی تایبەتییەوە بەکارهێنانی هەندێ وشە کەم دەبنـەوە و لەبەشـی چالاکەوە دەچـنەوە بەشـی سسـتەوە، ئینجـا دوایی وردە وردە کەمتر بەکاردەهێنرێن و تابـە یـەکجاری لەسـەر زار دەکـەون و زمـان بـەجێ دەهێـڵن. لـە نێـوان وشەی مردوشـدا جیـاوازی هەیـە. هەنـدێ لـە و وشـانە بـە جۆرێـك لەکارکـەوتون و هێنـدە لەمێـژە لەسـەر زمـان نەماون، کە نەوەی تازەی ئەم دەمەی کورد نەیبیستون، تەنیا لە ڕێگـای توێژینـەوەوە ئاشـکرا دەبـن: ئـەم جـۆرە وشانەش بریتین لە:

أ ـ ئەو وشانەی بە تەواوی لە زمان نـەماون و تەنانـەت لـە پێکهـاتنی وشـەی لێکدراویشـدا ئەسـەریان نییـە. وەك وشەی (نسرێن، کەبرین، سەبرێن...هتد) ئەم وشانە لەو دەقانەیە کە (ئۆسکارمان) کۆی کردونەوە، کە لـە زمـانی کوردی ئەمرۆدا نەماون و ماناشیان تەنیا لە ڕێگەی ڕستە ئاشکرا دەبـن، بـەڵام هەنـدێکیان تەنانـەت بـە ڕسـتەش ڕوون نابنەوە.

وەك: ئەگەر ژنی گەورەی میری وا دەبینێ

بانگ دەکا: برایم چاکە، مەکێشە خەم و نسرێنێ

لەو تێکستە دەبینین کە وشەی (نسرێن) بـە مانـای (پـەژارە، خـەم، داخ، ... هتـد) هـاتووە. بـەڵام هەرچـی وشـەی (کەبرێن و سەبرێن) تەنانەت لە رستەشدا بۆمان ڕوون نەبۆتەوە. وەك لەو تێکستەدا هاتووە:

خولایە نە بە کەبرێنی، نە بە سەبرێنی

بۆ خۆت گیانان دەدەی، گیان دەستێنی (ئەورحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٢: ٥٣).

بەڵام بـەپێی بۆچونی هەنـدێك لـە زمانـەوانانی تـازە لـەم تێکسـتەدا (کـەبرین واتـای گـەورە) و (سـەبرین واتـای بچوك) دەگەیێنێت.

ب ـ ئەو وشانەی بەشێك لە ڕێژەكانیان لە زماندا نەماون. وەك: وشەی (پەروەردە) وەك ناوی بەركار ماوە، بەڵام ڕێژەكانی تری نەماون، كەچی لە زمانی فارسی ڕێژەكانی تری ئەو وشەیە دەبینین، وەك: (پروردین، میپروراند، پرورش ...).

وشە كە دەمرێ هەر ئەوە نییە، لەبەرچاو نەمێنێ، بەڵكو كەس بیری لێ ناكاتەوەو بەكاری ناهێنێ. گرنگترین هۆكار بۆ لەناوچوون و مردنی وشە، بەكارنەهێنانییەتی لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا، ئەمەش جل و بەرگ و كەل و پەل و هۆیەكانی گواستنەوە و ئامێرەكان و چالاكییە كۆمەڵاتییەكان دەگرێتەوە، كە تا ئێستا كاریان پێناكرێت و لەگەڵێشیاندا وشەكانیش لەكار كەوتوون.

هەندێك وشە هەیە لە زماندا كە لەدایك دەبن ڕاستەوخۆ دەمرن بێ ئەوەی بە قۆناغی گەشەو فراوانبووندا بڕۆن، بۆ نموونە، مامۆستا (جەمال نەبەز) لە زمانی كوردیدا، بەرانبەر بە زاراوەی (مایكرۆفۆن)ی لاتینی، زاراوەی (دەنگەوەر)ی داناوە، هەروەها زاراوەی (تەماشادەر)یان بەرانبەر بە زاراوەی (ئەكتەر)ی جیهانی وەرگێراوە...هتد (ساكار ئەنوەر، ٢٠٠٩: ٣٦)، بەڵام ئەم زاراوانە هیچ یەكێكیان بەرانبەر بە زاراوە جیهانییەكان ناوەستن، بۆیە كە لەدایكبوون، یەكسەر مردن و نەیان توانی شوێنی خۆیان لە فەرهەنگی زمانی كوردیدا بكەنەوە.

زۆر جار زاراوەی كوردی ڕەسەن و زاراوەیەكی دراوسێ هاوشانی یەكتر دەڕۆن، تا لە ئەنجامدا یەكێكیان بە تەواوی جێگیر دەبێت و شوێن بەویتریان لەق دەكات، وەك: (قوتابی ـ تەلەبە) ئێستا زاراوەی (قوتابی) خەریكە لە كرمانجی خواروودا، بە تەواوی دەچەسپێت و شوێنی زاراوەی (تەلەبە)ی عەرەبی دەگرێتەوە. (بەشێكی تر لەو زاراوە عەرەبییانەی هاتوونەتە ناو زمانی كوردییەوەو، بەرانبەر بەهەمان واتا وشەی كوردی هەیە، بەڵكو تا ئێستاش خەڵك زیاتر ئاشنان بە زاراوە عەرببیەكە و بەكاریدەهێنن، بە وێنە:

قەڵەم ـ پێنووس

شیعر ـ هەڵبەست

## ئـــەنجـام

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم ئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە:

١- دیـاردەی گواسـتنەوەی واتـا لـە هـەموو زمانـەکانی جیهانـدا ڕوودەدات، دیاردەیـەکی سروشـتیەو هـیچ کـەس ناتوانێت بەری پێ بگرێت، ئەمەش نابێتە هۆی لەناوبردنی زمانەکە، بەڵکو زیندوەتی زمانەکە دەگەیێنێ.

٢- پێوستیەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ وادەکات، گواستنەوەی واتا ڕووبدات، چونکە گەشەو گۆڕانی زمـان لەگـەڵ گەشەو گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە و لێی جیانابێتـەوە، واتـە دەبێـت زمـان، لەگـەڵ گـۆڕان و گەشـەی کۆمـەڵ بگونجێت.

٣- وشە مردوەکان کە بەهەر هۆکارێك لەناو بچن، زۆرجار زیندوو دەکرێنەوە بەهەمان واتا، یان بـە واتایـەکی تـر بۆ پڕکردنەوەی پێوستیەکانی مرۆڤ.

٤- دیاردەیەی تەسکبوونەوەی واتا بێ فراوانبوونی واتا ڕوونادات.

٥- واتا هەرگیزاو هەرگیز کۆتای نایەت و هەمیشە لە پەرەسـەندن دایـە، ئـەم ڕاسـتیيە وای لـە میللـەتان کـردووە، هەندێ وشە لە زمانەکانیان بۆ دوو واتا یان زیاتر بەکاربهێنن.

## سەرچاوەکــان

**سەرچاوە کوردییەکان:**


- ئەورحمانی حاجی مارف(د.)، بەرهەمە زمانەوانییەکانم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- بەکر عومەر عەلی مەعروف، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان، ٢٠٠٠.
- تالیب حوسێن عەلی(د.)، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چابخانەی ڕۆژهەلاَت - هەولێر، ٢٠١١.
- جەمال نەبەز، وشەنامەکی ئیتمۆلۆژیای زمانی کوردی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.
- حسین یەعقوبی، و:ئیسماعیل زارعی، زمان و وەرگێڕان و پەیوەندی کولتوورەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
- ڕۆژان نوری عەبدوڵلا فەتحوڵلا، ڕۆڵی میتافۆر لە دەوڵەمەندکردنی زماندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، ٢٠١٤.
- سازان رضا معین، واتاو دەوروبە لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی پەروەردە، ٢٠٠٥.
- سەلام ناوخۆش، زماناسی، سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو، ژمارە (٤٣)، هەولێر، ٢٠٠٨.
- ساکار ئەنوەر حەمید، وشە خواستن لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی ئیتمۆلۆجیە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان، هەولێر، ٢٠٠٩.
- شێرکۆ بێکەس، کورسی - دەقی والا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٥.
- شاخەوان جەلال فەرەج، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان، ٢٠١١.
- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دارالجاحظ، چاپی یەکەم، ١٩٧٢.
- عەبدوڵلا عەزیز محەمەد بابان، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی ئاداب، هەولێر، ١٩٩٠.
- عبدالسلام نجم الدین، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.
- عەبدولواحید موشیر دزەیی(د.)، واتاسازی وشە و ڕستە ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت هەولێر، ٢٠١٠.
- عەبدولواحید موشیر دزەیی، لیکسیکۆلۆجی، زانکۆی سەلاحەدین، ماردین، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١١.
- فەتاح مامە، لەبارەی زمانەوانییەوە، کۆلیجی پەروەردەی بنیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٧.
- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٧.
- محەمەد مەعروف فەتاح، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیجی ئاداب، مطابع دار الحکمة، هەولێر، ١٩٩٠.
- محەمەد معروف فتاح، سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦.

ـ محەمەدی مەحویی(د.)، زانستی هێما هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکهەم، چاپخانەی پەیوەند، ۲۰۰۹.

ـ محەمەدی مەحویی(د.)، زانستی هێما هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، ۲۰۰۹.

ـ هەژار، کوردو سەربەخۆیی زمان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، ژمارە (۱) ، بەغداد، ۱۹۷٤.

ـ وريا عمر أمين، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، وتاری دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، بەرگی یەگەم، ۲۰۰٤، هەولێر.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

ـ ابراهيم أنيس(د.)، دلالة الالفاظ، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٦.

ـ إبراهيم السامرائي(د.)، التطور اللغوي التاريخى، دار الأندلس، ط٣، بيروت، ١٩٨٣.

ـ أحمد مختار عمر، علم الدلالة، دار العروبة للنشر والتوزيع، الكويت، ١٩٨٢.

ـ رجب عبدالجواد إبراهيم، دراسات في الدلالة والمعجم، دار الغريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠١.

ـ محمد حسن عبدالعزيز(د.)، مدخل الى علم اللغة، القاهرة، ١٩٨٣.

ـ محمد محمد يونس على(د.)، مدخل الى اللسانيات، دار الكتب الوطنية، ليبيا، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤.

ـ محمد شندول، التطور اللغوى فى العربية الحديثة، المعهد العالى للغات بتونس، جامعة قرتاج، أربد ـ الاردن، ٢٠١٢.

ـ منقور عبدالجليل، علم الدلالة اصولة ومباحثة فى التراث العربى، ديمشق ـ سوريا، ٢٠٠١.

ـ منذر عياشى(د.)، اللسانيات والحظارة مساهمة في علم طرع القظايا و انشاء، الطبعة الاولى، عالم الكتب، ٢٠١٣.

ـ دواد علمى السيد(د.)، المعجم الانطليزى بين الماضى والحاضر،كويت، ١٩٧٦.

ـ نور الهدى لوشن(د.)، علم الدلالة (دراسة والتطبيق)، المكتب الجامعي الحديث، الازاريطة، الاسكندرية، ٢٠٠٦.

**الخلاصة:**

**تنقل المعاني, أو (استخدام معاني الكلمات) لأغراض متعددة ظاهرة اجتماعية, يحصل هذه الظاهرة في جميع لغات العالم, ولا أحد يستطع أن يَتصد أمامها.**

**تنقل معاني الكلمات من حالة إلى حالة أخرى, يتعلق بتقدم التكنلوجيا والحياة الإجتماعية.**

**والغرض اللأساسي من هذه الدراسة اظهار واكتشاف الطرق التي يتحقق بسببها تنقل المعاني, مثل (المستعار منه), (الإستعارة) ، تخصص المعاني, توسُع المعاني, انخفاض المعاني, ارتفاع المعاني, موت الكلمات و التعابير المحظورة.**

## Abstract

Meaning transportation (Connotation) is a linguistic phenomenon and occurs in all languages all over the world. No one can stop it. Transporting the meaning of a word from case to another depends on the technology development and people's lifestyle.

The aim of this research is to reveal those methods, which are used to the meaning transportation (connotation), such as: metaphor, borrow, narrowing of meaning, meaning expansion, lowering of meaning, rising of meaning, word death and forbidden speech.